دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com
ژمارە: ٤٩٣
هەینی ١٥ی خەرمانانی ١٣٨٧ ـ ٥ی سێپتامبری ٢٠٠٨ـ ١٥٠ تمەن
ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی

پشتیوانی لە مانگرتنی بەندییە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستان دەکەین

سیاسی




کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانییە سیاسییەکان لوتکەی پاکتاوکردنی جیابیران

کوردستانی




عێراق: گەڕانەوە بۆ دواوە؟

ئازاد




دەمڕاستەکانی خەباتی مەدەنی بۆچی بێدەنگن؟

# مانگرتن درێژەی هەیە

## خەبات لە نێو بەندیخانەدا مزگێنیدەری ئاسۆیەکی گەش

عەولا بەهرامی

لە ڕێکەوتی ٤ی خەرمانانەوە(لە بیست ساڵەی کوشتاری بە کۆمەڵی بەندییە سیاسەکان دا) زیاتر لە ١٠٠ بەندی سیاسیو مەدەنیی کورد لە بەندیخانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیدا بە شێوەیەکی هاوئاهەنگو هاوکات مانگرتنێکی سەرانسەرییان وەڕێ خستوە. ئەم مانگرتنە سەرانسەرییە کە نیشانەی هاوپێوەندیو هاوخەباتیی قووڵی خەباتکارانی نێو چاڵەڕەشەکانی ڕێژیمە دوای ئەوەی دەستی پێکرد کە لە یەك ساڵو نیوی رابردوودا ڕەوتی سەرکوت لە کوردستان لە چاو چەند ساڵ لەوەپێش زۆر توندتر بووەو لەو ماوەیەدا سەدان کەس لە چالاکانی سیاسیو مەدەنی، ڕۆژنامەنووسان، چالاکانی مافەکانی ژنانو خوێندکارانی کورد دەستبەسەر کراون، خراونەتە ژێر ئازارو سووکایەتیو حوکمی زۆر زاڵمانەیان بە سەردا سەپاوەو نزیکەی دە کەسیان حوکمی ئێعدامیان بە سەردا سەپاوە.

ئەم مانگرتنە کە بەر لە هەر شتێك نیشانەی درێژەی خەباتو ناڕەزایەتیی چالاکانو تێکۆشەرانی کوردە، هێندێك تایبەتمەندیی هەیە کە پێویستە ئاماژەیان پێ بکەین. یەکەم بەندییە سیاسیو مەدەنییەکانی کورد بەم مانگرتنەیان ئەم ڕاستییە دەخەنە بەر چاوی کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامی کە میتۆدی سەرکوت لەوانەیە لە کورت ماوەدا بێتە هۆی لاوازیی خەباتی ئازادیخوازانەی ئەوانو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو ئێران، بەڵام بە دڵنیاییەوە، میتۆدێکە سەرەڕای هەموو تایبەتمەندییە نامرۆڤانەو درندانەکانی، چیتر ناتوانێ کارتێکەریی دڵخوازی لە سەر تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی هەبێ. ئەوان بەم پەرچەکردارە سەردەمیانەو شۆڕشگێڕانەیان ئەم پەیامە بە خەڵکی مافخوازی کوردو هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادیو مافە نەتەوەییەکانی دەدەن کە تەنانەت دەکرێ لە بەندیخانەی کۆنەپەرستیش دا دژی سەرەڕۆییو لە پێناوی ئامانجە مرۆییو پێشکەوتنخوازانەکان دا درێژە بە خەبات بدرێ.

دووەم ئەم مانگرتنە ـ سەرەڕای بێدەنگیی دەمڕاستە شۆڤینیستەکانی خەباتی مەدەنی لە ئاستی سەرانسەری دا ـ لە نێو کۆمەڵگای کوردستانو میدیای جیهانیدا ڕەنگدانەوەیەکی باشی هەبووەو توانیوویەتی پشتیوانیو پشتگیری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان لە ئاستی نێونەتەوەییش دا وەدەست بێنێو ئەمەش بە دەستکەوتێك بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەو نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژمێردرێ.

مانگرتنی بەندییە سیاسیو مەدەنییەکانو بە گشتی ئەم بزاڤە ناڕازیانەو مافخوازانەیەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتۆتەوە، هەر چەند وەك هەر بزووتنەوەیەکی مافخوازانەی نێو سیستمە داپڵۆسێنەرو دژە ئازادییەکان نرخی گرانی دەوێ، بەڵام ئاسۆیەکی پڕ دەسکەوتو گەشەداری لێ بەدی دەکرێ. ئەوش لە لایەك بۆ گشتگیر بوونو وشیارانە بوونی ئەم بزووتنەوەیە دەگەڕێتەوەو لە لایەکی دیکەشەوە لە بەردەوامیو شێلگیر بوونی پێشڕەوانو تێکۆشەرانی نێو بزووتنەوەکەوە سەرچاوە دەگرێ.

ئەو مانگرتنەی بەندییە سیاسی و مەدەنییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێکەوتی ١٠ی خەرمانانەوەو لە بەرەبەری بیستەمین ساڵڕۆژی کوشتاری بە کۆمەڵی بەندییە سیاسییەکان لە ساڵی ١٣٦٧دا لە بەندیخانە جۆراوجۆرەکانی وەك سنە، ورمێ، مەهاباد، تاران، سەقز، کەرەج و ... دەستی پێ کردوە، تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە بەردەوامە. لەو مانگرتنەدا کە زیاتر لە ١٠٠ کەس لە بەندییە سیاسی و مەدەنییەکانی کورد بەشدارن، مانگرتووان بە خۆبواردن لە خواردن دەیانهەوێ وێڕای ناڕەزایەتیی نیشاندان لە دۆخی نالەباری بەندیخانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، سەرنجی بیروڕای گشتی بۆ ئەم دۆخە نالەبارو نامرۆڤانەیەو بە تایبەتی دۆخی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد ڕاکێشن.

جێگای ئاماژەیە کۆمیتەی هاوئاهەنگیی مانگرتنەکە لە ڕاگەیەنراوێك دا وێڕای ئاماژە بە دەست پێ کردنی مانگرتنەکەو ئامانجەکانی، مەرجەکانی مانگرتووانی بۆ کۆتایی پێ هێنان بە مانگرتنەکە بەم شێوەیە باس کردوە:

١ـ داننان بە ناسنامەی سیاسی و مەدنیی بەندکراوان و هەڵسوکەوتی شەرافەتمەندانە لەگەڵ ئەوان

٢ـ پێداچوونەوە بە حوکمی ئێعدامی بەکۆمەڵی بەندکراوان و ڕاگرتنی بە پەلەی بڕیاری جێبەجێ کردنی حوکمی ئێعدامەکان

٣ـ کۆتایی‌هێنان بە ئەشکەنجەو ئازارو هەڵسوکەوتی دژە مرۆیی لەگەڵ بەندکراوان دا

٤. کۆتایی‌هێنان بە هەڵاواردن لە نێو بەندکراوانی




• مانگرتنی سەرانسەریی زیندانیانی سیاسی و مەدەنیی کورد

مەدەنی و سیاسی و هەروەها کۆتایی‌هێنان بە دوورخستنەوەی زیندانیان و باشترکردنی بارودۆخی ئەوان

٥. بەندکراوانی سەرانسەری ئێران بە بێ هیچ لەمپەرێك بکەونە ژێر چاوەدێریی ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان

٦ـ پێکهێنانی چاکسازی لە دەسەڵاتی دادوەری دا

مانگرتنی بەندییە سیاسی و مەدەنییەکان لەگەڵ پشتیوانیی بەشێکی بەرچاو لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ و ... بەرەوڕوو بووە. جیا لەمانە لە شاری سنە ژمارەیەکی زۆر لە چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان و بنەماڵەی بەندییە سیاسییەکان بە کۆبوونەوە لە بەردەم دادگوستەریی ئەم شارە لە لایەك و گرتنی ڕۆژووی سیاسی بەرانبەر هەڵسوکەوتی دەزگا ئەمنییەتیەکان و کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامی.... ٤




## ٦٠ لە ١٠٠ی گیراوەکانی بەندیخانەی ناوەندیی سنە گیرۆدەی مادەی هۆشبەرن

٢

## ئەمنێستی ئینتێرناسیۆناڵ یادی قوربانیانی کارەساتی خەرمانانی ١٣٦٧ی بەرز ڕاگرت

٤

## حوکمی ئێعدامی عەدنان حەسەن پوور هەڵوەشایەوە



حوکمی ئێعدامی ڕۆژنامەوانی کورد عەدنان حەسەن پوور لە لایەن دیوانی بەرزی وڵات هەڵوەشایەوەو بۆ پێداچوونەوەی دۆسیەکەی ڕەوانەی یەکێکی دیکە لە لقەکانی دادگای شۆڕشی شاری سنە کراوەتەوە.

هەڵوەشانەوەی حوکمی ئێعدامی عەدنان حەسەن پوور لەلایەن ساڵح نیك بەخت پارێزەری ناوبراوەوە ڕاگەیەنرا. نیك بەخت لەم بارەیەوە ڕاگەیاند کە دیوانی بەرزی وڵات تاوانی شەڕ لەگەڵ خودای لە سەر عەدنان حەسەن پوور لابردووەو بڕیارە لە سەر تاوانی دیکە لە لقی یەکی دادگای شۆڕشی شاری سنە دادگایی بکرێ.

جێی وەبیرهێنانەوەیە حوکمی ئێعدامی ئەو ڕۆژنامەنووسە کوردە پاییزی ساڵی ڕابردوو لەلایەن دیوانی بەرزی وڵاتەوە پشتڕاست کرابۆوە، بەڵام لەگەڵ ناڕەزایەتییەکی بەربڵاوی نێوخۆییو نێونەتەوەیی ڕووبەڕوو بووەوە.

## ئۆباما: بژێرەی سەربازی دژی ئێران لە سەر مێزە



بارك ئۆباما، کاندیدای حیزبی دێموکرات بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریی ئەمریکا ڕۆژی پێنج شەممە (١٣ی خەرمانان) ڕای گەیاند دەسڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی قەبووڵ ناکرێ.

ئەو کە لەگەڵ ڕایەڵکەی تلویزیۆنیی فاکس نیۆز وتوویژی دەکرد هەروەها گوتی: "ئەگەرچی وتوویەتی پێشنیاری وتوویژ بە ئێران دەکا بەڵام هەرگیز لەم بوارەدا ڕێگا چارەی سەربازیی لەسەر مێز لانەبردوە. ئۆباما لە درێژەدا گوتی کە دەسڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی ڕەوتی یارییەکە دەگۆڕێ. ئەو پێشتر لە ڕەوتی ململانێی هەڵبژاردن دا لە هەرێمی ئایۆوا گوتبووی: جیهان دەبێ بە شێوەیەکی لێبڕاوانە سەبارەت بە بەرنامەی ناوکی گوشار بۆ ئێران بێنێ، بەر لەوەی ئیسرائیل هەست بەوە بکا کە دەبێ بۆ خۆی کارێك بکا.


## لە ڕێورەسمێکی تایبەتدا پێشوازی لەتێکۆشەری دێرین بابا عەلی مێهرپەروەر کرا



ڕێکەوتی ١٢ی خەرمانان تێکۆشەری ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڕێز باباعەلی مێهرپەروەر لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی ئەو حیزبەوە پێشوازی لێکرا.

لە کۆبوونەوەیەکدا کە بەم بۆنەیەوە پێکهاتبوو، سەرەتا بەڕێز کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە وتەیەکی کورتدا بە نوێنەرایەتیی ئەندامانو کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی گەڕانەوەی بۆ کوردستان بە گەرمی بەخێر هاتنەوەی کرد. پاشان باسی لە کەسایەتیی شۆڕشگێڕانەی کاك باباعەلی کردو ڕۆڵو دەوری ناوبراوی لەو پلە تەشکیلاتیو بەرپرسایەتییە جۆراوجۆرانەدا کە تا ١٥ی سەرماوەزی ١٣٨٥ لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هەیبووە بەرز نرخاند. دواتر بەڕێز باباعەلی مێهرپەروەر وتەیەکی کورتی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد. بەڕێز مێهرپەروەر سەرەتا بە ناوی خۆیو ئەندامانی بنەماڵەکەیەوە سەرەخۆشیی لە بنەماڵەو کەسو کارو هاوسەنگەرانی شەهیدانی تازەی گەلەکەمان، شەهیدان شێخ غەریب حەسەنی، هەمزە سارتکەیی، قادر نەزمیو قادر قادری کرد. پاشان سپاسی ئامادەبووانو دەفتەری سیاسیو بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەی بە بۆنەی ئەو پێشوازییە گەرمە کردو خۆشحاڵی خۆی بە ئامادەبوونو گەڕانەوەی بۆ نێو کۆڕی هاوڕێیانو ئازیزترین کەسانی خۆی دەربڕی. کاك باباعەلی لە درێژەی وتەکانیدا وێڕای بەداخ بوونی بۆ ڕووداوی دوو لەت بوونی حیزبی دێموکرات هیوای خواست کە ئەو وەزعە هەرچی زووتر کۆتایی پێ بێو هەموو لە دەوری یەکتر کۆببینەوەو وتی: ئێستا زۆر بە داخم کە بەشێک لە هاوڕێیان لێرە نابینم.

## ٦٠ لە ١٠٠ی گیراوەکانی بەندیخانەی ناوەندیی سنە گیرۆدەی مادەی هۆشبەرن



**مامەڵـە کـردن بـە مـادە هۆشبەرەکان لـە نێـو بەندیخانـەی ناوەنـدیی شـاری سـنە گەیشـتۆتە ئاستێکی بەرزو نزیکەی ٦٠ لە ١٠٠ی بەنـدکراوان گـیرۆدەی مـادە هۆشبەرەکانن.**

بـە پێـی ئـەو زانیارییانـەی بـە "کوردستان" گەیشـتوون، چـەندین مادەی هۆشبەر بە ئاسانی لە چەند رێگاوە دەهێنرێتە نێو بەندیخانە.

بـە پێـی ئـەم هەواڵـە مـادەی هۆشـبەری "کـراك" کـە لـە مەترسـیدارترین جـۆری مـادە هۆشـبەرەکانە لـە ئێسـتادا لـە نێـو بەندیخانـەی ناوەنـدیی شـاری سنە مامەڵـەی پـێ دەکـرێ و کـەڵکی لێ وەردەگیرێت.

سەرچاوەیەکی ئاگادار سەبارەت بـەو رێگایانـەی کـە ئـەو مـادە هۆشـبەرانەیان پـێ دەهێنرێتـە نێـو زیندان بەم جۆرە بۆمان دوا:

١ ـ هەنـدێ لـە پێرسـۆنێلی بەندیخانە بە چەندین شێواز مـادەی هۆشـبەر دەگوازنـەوە بـۆ نـاو بەندیخانە، بۆ نموونە: کورت خایـەن بـۆ مـاوەی ٢ تـا ٨ کاتـژمێر بـە بیانووی چارەسەر کردنی نەخۆشـی هەندێ لەو بەندییانەی کە لە باری ئاکارەوە لە ئاستێکی زۆر نـزم دان، دەگوازنـەوە بـۆ دەرەوەی بەندیخانـەو لـە گەڕانـەوەیان دا مادەی هۆشبەر دەکڕن و دوایـی بە پارەیـەکی زۆر زیـاتر لـە نێـو بەندییەکاندا دەیفرۆشن.

٢ـ هەندێ لە بەندییەکان کە بۆ پشـوودانی چـەند رۆژە دێنـە دەرەوەی بەندیخانـە، مـادەی هۆشـبەر بـە شـێوەی "ئـاو بەنـدی کراو" دەگوازنەوە بۆ نێـو زینـدان و لەوێ دەیفرۆشن.

شـیاوی باسـە، بـە پێـی کـەمی تێچـووی بەشـی خواردەمـەنی بەنـدکراوەکان و فراوانـی مـادە هۆشبەرەکان، دەست کورتی زۆرێك لـە زینـدانیان کـەش و هـەوای بەندیخانـە لـە بـاری فەرهـەنگی و ئاکارەوە دابەزیوە.

بە چەشنێك کە فرۆشتنی مادەی هۆشـبەر، سـیخۆڕی لـە سـەر بەنـدکراوان (بـە تایبـەت بەندییـە سیاسـییەکان) لـە لایـەن هاوبەندەکانیانـەوەو هـەروەها کـردەوەی دژەئاکـاری "لـەوات" بـە زەقـی لـە نێـوان بەندییەکانـدا دەبینرێت.


بـە پێـی ئـەو زانیارییانـەی سەرچـاوەیەکی ئاگـادار، لـەم پەیوەندییەدا نە تەنیا هـەنگاوێك بۆ چارەسەر کردنی کێشەکە لـە لایـەن بەرپرسـانی بەندیخانـەوە هـەڵناگیردرێت، بـەڵکوو هـەوڵ بـۆ لەبارتر کردنی وەها بەستێنێك زۆرتر دەدرێت.

بـەم بۆنـەوە بـارودۆخی بەندییـە سیاسییەکان، لەبەر ئـەوەی تێکـەڵ بە بەندییە ئاساییەکانن زۆر خراپـەو لە مەترسی دان.

## دابەزینی کەیفیەتیی خواردەمەنی بەندکراوانی بەندیخانەی ناوەندیی شاری سنە

**بـڕی تێچـووی بەشـی خواردەمەنی هەر بەنـدکراوێك لـە بەندیخانـەی ناوەنـدیی شاری سنە لە بڕە پـارەی ١ هەزار تمەنەوە کەمکراوەتەوە بۆ ٤٥٠ تمەن لە رۆژێکدا.**

به پێی هەواڵی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەم کـارە بۆتـە هـۆی ئـەوەی کەیفیـەتی



خواردەمـەنی بەندییـەکان تـا ئاسـتێکی زۆر دابـەزی و ئـەم

کـردەوەی بەرپرسـانی بەندیخانـەی شـاری سـنە ماوەی دوو مـانگی بـە سـەردا تێپەڕ دەبێ.

جێی ئاماژەیە ئەم بابەتـە تـا ئێسـتا چـەندین جـار ناڕەزایـەتی بەنـدکراوانی لێکەوتووەتەوە.

## عەلی شاکری خوی لە دەست ئازارو ئەزیەتیی کۆماری ئیسلامی زگار کرد



چـالاکی سیاسـی کـورد عـەلی شاکری خەڵکی دێولان، ئەنـدامی ئەنجومـەنی ئـەدەبیی لـەیلاخ‌و خوێنـدکاری سـاڵی ٢ی زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکانی زانکـۆی پـەیامی نـووری شـاری سـنە، پـاییزی ١٣٨٦ بـە تـاوانی هاوکـاری لـە گـەڵ حیزبـی دێموکراتی کوردستان‌و هەوڵدان دژی ئەمنییـەتی نەتـەوەیی ئێـران، لەلایـەن کۆمـاری ئیسـلامییەوە گـیراو رەوانـەی زیندانی قوروە کرا. عەلی شـاکری پاش ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر، حوکمی ٢ ساڵ‌و ٦ مانگ زیندانی بە سەردا سەپێندرا. ناوبراو پاش ماوەیـەك زینـدانی بـە زەمانـەتی مـاڵی ئـازاد کـرا. ماوەیـەك بـە نهێنی لـە رۆژهـەڵاتی کوردستان مایـەوە. لـە بـەر ئـەوەی لەگـەڵ مەترسـی دووبـارە گـیران‌و تەنانەت هەڕەشەی گیانی بـەرەو رووبوو، بـە هاوکـاریی دۆستان‌و دڵسـۆزانی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان، خـۆی لـە دەسـت ئـازارو ئەزیـەت‌و زینـدان‌و ئەشـکەنجەی کاربەدەسـتان‌و بەکرێگیراوانی کۆمـاری ئیسـلامی رزگـار کـردو گەیشـتە دەرەوەی ئێران.

## نرخی دەوڵەتیی کوودی شیمیایی لە چاو ساڵی رابردوو بۆ ٨ قات بەرز بۆتەوە

**نرخی دەوڵەتی کوودی شیمیایی لە پارێزگای سنە لە چاو ساڵی رابردوو ٨ قـات بـەرز بۆتـەوەو بە بڕیاریی ئیدارەی جەهادی کەشاوەرزی ئـەو پارێزگایە هەموو ئەنبارەکان پلۆمپ کراون.**

بـەپێی ئـەو هەواڵانـەی لـە پارێزگـای سـنەوە دەسـت " کوردسـتان " کـەوتوون نرخـی دەوڵـەتی هـەر کیسـەیەك کـوودی شیمیایی لە جۆری سوپێر فۆسفاتی ئامۆنیۆم لـە ٢٢٥٠ تمـەن بـۆ ١٩٢٥٠ تمەن بەرز بۆتەوە. هاوکات لەگـەڵ بـەرز بوونـەوەی نرخـی کـوود، ئیـدارەی جـەهادی کەشـاوەرزی پارێزگای سنە بڕیاری داوە هـەموو ئـەنبارەکان پلۆمـپ بکـەن‌و بـەر لـە دابەشکردنی کوود بە سەر وەرزێڕان دا بگرن.

بـەرز بوونـەوەی نرخـی کـودو هـەروەها ئـەم بڕیـارەی ئیـدارەی جـەهادی کەشـاوەرزی لـە هەلومەرجی نالەباری کشت و کاڵی ئەوسـاڵ بۆتـە هـۆی نیگـەرانی وەرزێڕانی کورد.



## ٣٠ کەس لە ناڕازیانی کوژرانی فریشتە نەجاتی دەست بەسەر دەکرێن

**دوابـەدوای کۆبونـەوە ناڕەزایەتییەکەی رۆژی ٣١ گەلاوێژی چالاکانی مەدەنی و ژنان و پیاوانی ئازادی خوازی مـەریوان لـە بـەردەم دادگـای ئـەو شـارە ٣٠ کـەس لـە ناڕازایان دەست بەسـەر و رەوانـەی شوێنێکی نادیارکران.**

بـەپێی ئـەو زانیاریانـەی سەرچاوەی هـەواڵ "کوردستان " لـە مەریوانـەوە پێـی راگەیانـدووین نـاوی سـێ کـەس لـە دەسـت بەسـەرکراوان بـریتی یـە لـە ئـارش رەحمـان نـژاد، تۆفیـق سـروش و شاهۆ عەزیزی .

جێـی وەبیرهێنانەوەیـە کۆبوونـەوەی ناڕەزایـەتی چـالاکانی مەدەنی و ژنان و پیاوانی ئازادیخواز لە بـەردەم دادگـای شـاری مـەریوان دوای ئـەو هـات کـە رێـژیم "عـەلی نەجاتی " ئەو باوکەی کـە کچـە ١٨ سـاڵەکەی واتـە فریشـتە نـەجاتی کوشتووە، ئازاد کرد.

شـایانی باسـە بـڵاو بوونـەوەی هـەواڵی کوشـتنی فریشـتە نـەجاتی لەلایـەن بـاوکی‌یـەوە نیگەرانییـەکی زۆری لـەناو خـەڵکی مـەریوان و چالاکانی مەدەنی درووست کردوەو لـەرێورەسمی ناشـتنی تـەرمی فریشـتەدا بـە هـەزاران کـەس بـە نیشانەی ناڕەزایەتی بەشداریان تێدا کـردو ئـەو کـردەوە نامرۆڤانـەیان مەحکوم و شەرمەزار کرد .



## روونکردنەوەیەك لە سەر هەواڵێکی رۆژنامەی "چاودێر"

لـە ژمـارە ١٩١ی رۆژنامـەی "چـاودێر" (دووشـەممە ٢٠٠٨/٨/٢٥)دا هـەواڵێك بـەم سـەردێڕە بـڵاو بۆتـەوە: "پـژاك و حیزبی دێـموکرات رێککەوتننامەیـەك ئیمزا دەکەن".

لە هەواڵەکەدا هاتووە کـە "پـژاك و حیزبـی دیمـوکرات رێککەوتننامەیەکیان ئیمـزا کـردووە، کە لەمەبەدوا چالاکیەکانیان لە دیوی کوردسـتانی ئێـران هاوبـەش بـن و ..."

"چاودێر" هـەروەها لـە درێـژەی هەواڵەکـەدا نووسـیویە: "کـەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات ـ یش جەختی لە سەر راستیی هەواڵەکە کردۆتەوە".

لـەم پێوەندییـەدا پێویسـتە رابگەیەنین ئەم هەواڵە لە راستی بە دوورەو پـژاك و حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان هـیچ رێککەوتننامەیـەکیان ئیمـزا نەکردوە.

هەر لەم پێوەندییەدا کاك کەماڵ کەریمی بە ئێمـەی راگەیانـد کـە لـە هیچ لێدوان و وتووێژێك دا، شـتێکی لەم چەشنەی رانەگەیاندوە.

**کۆمیسیونی راگەیاندنی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٧ی خەرمانانی ١٣٨٧**
**٢٨ی ئاگوستی ٢٠٠٨**

## لە حوجرەکانیش دەبێ وانە بە زمانی فارسی بخوێندرێ

رۆژی ٢٩ی گەلاوێـژ رێـژیم لـە شاری شنۆ مامۆستایانی ئایینی ئەو شـارەیان کـۆ کردۆتـەوەو پێیـان راگەیاندوون کە لەمەوبەدوا دەبێ لە حوجرەکان بە زمانی فارسی وانە بە فەقێکان بڵێنەوە.

بەپێی زانیارییەکان ئەو بڕیارەی رێـژیم، مامۆسـتایانی ئـایینی تـوڕە کـردووەو رۆژی ٣٠ گەلاوێـژ بـە مەبەسـتی ناڕەزایـەتیی تۆمارێکیـان وەڕێخستووە.

هێندێك لـە مامۆسـتایانی ئـایینی لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئـەم بڕیـارە نوێیـەی رێـژیم بـەو مەبەسـتە دەرچـووە کـە دەیانـەوێ خوێندنگەیـەکی ئـایینی بکەنـەوەو ئامادە نەبوونی مامۆستایانی ئایینی کوردزمان و سووننی مەزهەب بکەنە بیانوویـەك و بـە جێگـەی ئـەوان لـە شارەکانی دیکەوە مامۆستای شیعە مەزهەب بێنن.



به‌یاننامه

# پشتیوانی له‌ مانگرتنی سه‌رانسه‌ریی به‌ندییه‌ سیاسی و مه‌ده‌نییه‌کانی کوردستان ده‌که‌ین

خـــه‌ڵکی خـــه‌باتگێڕی کوردستان!

گـه‌لانی لـه‌ سـته‌م وه‌زاڵـه‌ هاتووی ئێران!

ناوه‌نـــدو رێکخـــراوه‌ مرۆڤدۆسـته‌کان لـه‌ سه‌رانسـه‌ری جیهان دا!

لـه‌ دۆینـێ دووشـه‌ممه‌ ٤ی خـــه‌رمانان (٢٤ی ئاگۆسـتی ٢٠٠٨)ه‌وه‌، به‌ندییـه‌ سیاسـی و مه‌ده‌نییـه‌کانی کوردسـتان لـه‌ به‌ندیخانه‌کانی رێژیمی دیکتـاتۆرو ئـازادیکوژی ئێـران دا، بـه‌ ده‌رکردنی به‌یاننامه‌یـه‌ک، مانیـان لـه‌ خـواردن گرتـوه‌. به‌ندییـه‌ سیاسـی‌و مه‌ده‌نییـه‌ کورده‌کـان بـه‌م کاره‌یـان هـه‌وڵیان داده‌ سـه‌رنجی بـیروڕای گشـتی بۆلای هه‌لومـه‌رجی ناڵـه‌باری زینـدان و بـارودۆخی دڵتـه‌زینی چـالاکانی مـه‌ده‌نیی کـورد و وه‌زعـی مـافی مرۆڤ له‌ کوردسـتان دا رابکێشـن. ئه‌وان داوایان کردوه‌:

١ـ ده‌سـه‌ڵاتی سیاسـی، دان به‌ شوناسی سیاسـی و مـه‌ده‌نیی به‌ندییـه‌کان دابنـێ و، ره‌فتـارێکی شه‌رافه‌تمه‌ندانه‌یان له‌گه‌ڵ دا بکا.

٢ـ چاو به‌ ئیعدامی به‌کۆمـه‌ڵی به‌ندییـه‌کان دا بخشـێندرێته‌وه‌ و، بـه‌ڕێوه‌ بردنـی حـوکمی ئیعـدامی سـه‌رجه‌م به‌ندییـه‌ سیاسـی و مه‌ده‌نییه‌کان رابگیرێ.

٣ـ کۆتـایی بـه‌ ئه‌شـکه‌نجه‌ و ئـازار و ره‌فتـاری دژه‌مرۆیـی به‌رامبـه‌ر هـه‌موو به‌ندییـه‌کان بهێنرێ.

٤ـ جیاوازیـدانان لـه‌ نێـوان به‌ندییه‌ سیاسـی و مه‌ده‌نییـه‌کان داو، هـه‌روه‌ها دوورخسـتنه‌وه‌ی ئـه‌وان کۆتـایی پـێ بـێ‌و هه‌لومه‌رجی زنیدان باشتر بکرێ.

٥ـ به‌ندیخانـه‌کانی سه‌رانسـه‌ری ئێـران بـه‌بێ هـیچ سـنووردانانێك بکه‌ونـه‌ ژێـر چاوه‌دێریی رێکخـراوه‌ نێوخـۆیی‌و جیهانییه‌کانی مافی مرۆڤ .

٦ـ ده‌زگای قـه‌زایی کۆمـاری ئیسـلامی لـه‌ پێنـاوی بـه‌دیهاتنی بنه‌ما حاشاڵێ نه‌کراوه‌کانی مـافی مـرۆڤ و ره‌چـاو کردنـی دادپـه‌روه‌ری دا، گـۆڕانی بنه‌ڕه‌تیی تێدا پێك بهێنرێ.

مـانگرتنی سه‌رانسـه‌ریی به‌ندییه‌ سیاسـی‌و مه‌ده‌نییـه‌کانی کوردسـتان لـه‌ به‌ره‌بـه‌ری ٢٠ سـاڵه‌ی کوشـتاری به‌کۆمـه‌ڵی زیندانییه‌ سیاسـی‌یه‌کانی ئێران، له‌ کاتێك دا به‌ڕێوه‌ده‌چێ که‌:

هـه‌ر ئێسـتا ٨ چـالاکی مـه‌ده‌نی‌و جیـابیری کـورد بـه‌ ناوه‌کـانی ١ـ عـه‌دنان حه‌سـه‌ن پوور، ٢ـ هیوا بووتیمار، ٣ـ فه‌رزاد که‌مانگـه‌ر، ٤ـ ئـه‌نوه‌ر حوسـێن پـه‌ناهی، ٥ـ فـه‌رهاد وه‌کیلـی، ٦ـ عـه‌لی حه‌یـده‌ریان، ٧ـ ئه‌رسـه‌لان ئه‌ولیایی‌و ٨ـ حـه‌بیبوڵلا لـه‌تیفی به‌ ئێعدام مـه‌حکووم کـراون‌و لـه‌ به‌ندیخانه‌دا چاوه‌ڕێی مه‌رگن.

٧ چـالاکی مـه‌ده‌نی‌و تێکۆشه‌ری بواری مافی مرۆڤ، لـه‌ سـه‌رووی هه‌مووانـه‌وه‌ محه‌ممـه‌د سـه‌دیق که‌بوودوه‌نـد سـه‌رۆکی رێکخراوی داکۆکی له‌ مـافی مـرۆڤ له‌ کوردستان، له‌ به‌ندیخانه‌ دان‌و حـوکمی قورسـیان بـه‌ سـه‌ردا سـه‌پێندراوه‌. چـه‌ندین چـالاکی مه‌ده‌نیی دیکه‌ش بێ‌سه‌روشـوێن کـراون یـا لـه‌ به‌ندیخانـه‌ لـه‌ ژێـر ئه‌شـکه‌نجه‌و ئـازار دان. هـاوڕێ که‌مـاڵ شـه‌ریفی رۆژنامـه‌نووس‌و تێکۆشـه‌ری حیزبـی دێمـوکراتی کوردستان که‌ له‌ ٥ی پووشـپه‌ری رابردووه‌وه‌ له‌ سه‌قز گـه‌مارۆ دراو بـه‌ دیـل گـیرا، له‌گـه‌ڵ تونـدترین ئازارو ئه‌شـکه‌نجه‌ به‌ره‌ورووبـه‌و، به‌ گوێره‌ی ئـه‌و زانیارییانـه‌ی بـه‌ ئێمـه‌ گه‌یشـتوون، نیـوه‌ گیانیـان کـردوه‌و تـه‌نیا چـنگێك گوشـت‌و ئیسـقانی لێ ماوه‌ته‌وه‌.

ئه‌گــه‌ر ٢٠ ســاڵ له‌مه‌وبــه‌ر، خومـه‌ینی رێبـه‌ری کۆمـاری ئیسـلامی بـه‌دوای خواردنـه‌وه‌ی جـامی ژارو بـه‌ مه‌به‌سـتی پێشـگیری لـه‌ ته‌قینـه‌وه‌ی ناره‌زایه‌تیی گشتی، فه‌رمانی‌دا له‌ نێـو به‌ندیخانـه‌کان دا، جۆگـه‌ی خوێن وه‌ڕێ بخـه‌ن‌و شـه‌ریفترین‌و خۆراگرترین سیاسی‌یه‌کان‌و رۆڵـه‌ ئازادیخوازه‌کـانی گـه‌لانی ئێـران، دوور له‌ چاوی بـیروڕای گشـتی و به‌وپـه‌ڕی درنده‌یی‌یـه‌وه‌ له‌نێوبـه‌رن، ئێسـتا ده‌سـتپه‌روه‌رده‌کانی هـه‌ر ئـه‌و دیکتـاتۆره‌، ده‌یانـه‌وێ کوردسـتان، مه‌ڵبه‌نـدی بزووتنـه‌وه‌ی ئـازادیخوازیی جۆراوجـۆرو خـه‌بات‌و خـۆراگریی مـه‌ده‌نی یـه‌ك لـه‌ دوای یـه‌ك، بـه‌ گرتنـی به‌کۆمـه‌ڵی چـالاکانی سیاسی‌و مه‌ده‌نی، بـه‌ سـه‌پاندنی سزای ئێعدام‌و حوکمی زاڵمانه‌ بـه‌ سـه‌ریان داو بـه‌ گرتنه‌بـه‌ری خراپترین ره‌فتار له‌گه‌ڵ ئه‌وان لـه‌ نێو زیندان دا، چاوترسێن بکه‌ن.

به‌ندییـه‌ سیاسـی‌و مه‌ده‌نییـه‌کانی کوردستان رایـان گه‌یانـدوه‌ لـه‌ سـه‌ر مـانگرتن لـه‌ خـواردن بـه‌رده‌وام ده‌بـن‌و لـه‌ پێنـاوی گه‌یشـتن بـه‌ داخوازه‌کانیـان مـردنیش لـه‌ خـۆ ده‌گـرن. حه‌ره‌کـه‌تی ئازایانـه‌ی ئـه‌وان تـه‌نیا ئـه‌و کاتـه‌ ده‌توانێ پاشه‌کشه‌ به‌ رێژیمی ئازادیکوژی کۆماری ئیسلامی بکاو به‌ ویسته‌ ره‌واو ئینسانی‌یه‌کانی خـۆی بگا که‌ له‌ نێوخۆو ده‌ره‌وه‌ی وڵات لـه‌ گـه‌ڵ پشـتیوانیی خـه‌ڵك‌و هاوپێوه‌نـدیی بـیروڕای گشـتی‌و پشتگیریی رێکخراوو ناوه‌نده‌کانی لایـه‌نگری مـافی مـرۆڤ بـه‌ره‌وروو بێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان پشـتیوانیی خـۆی لـه‌ مـانگرتنی به‌ندییه‌ سیاسـی‌و مه‌ده‌نییـه‌کانی کوردسـتان راده‌گه‌یـه‌نێ‌و داواکانیـان بـه‌ داوایـه‌کی ره‌واو ئینسـانی ده‌زانـێ. حیزبـی ئێمـه‌ وێـڕای مـه‌حکووم کردنـی هـه‌موو ئه‌و تاوان‌و توندوتیژی‌و ره‌فتـاره‌ زاڵمانه‌یه‌ی ده‌رحه‌ق به‌ چالاکانی سیاسی‌و مه‌ده‌نیی کورد ده‌کرێ داوا ده‌کـا حـوکمی ئێعدام‌و ئـه‌و سـزا قورسـانه‌ی بـۆ ئـه‌وان‌و سـه‌رجه‌م گـیراوه‌ سیاسـی‌یه‌کان بڕاوه‌تـه‌وه‌، هه‌ڵوه‌شـێته‌وه‌. لـه‌ روانگـه‌ی ئێمـه‌وه‌ ئـه‌وه‌ به‌ڕێوه‌بـه‌ران‌و رێکخـه‌رانی کوشـتاری بـه‌ کۆمـه‌ڵی زیندانییه‌ سیاسی‌یه‌کان له‌ ساڵی ١٣٦٧داو سه‌رجه‌م ئه‌و که‌سانه‌ی ده‌ستیان لـه‌ گـرتن‌و کوشـتن‌و تـیرۆری جیابیران‌و ئازادیخوازان دایه‌ واته‌ رێبه‌ران‌و کاربه‌ده‌ستانی دوێنـێ‌و ئه‌مڕۆی کۆماری ئیسلامی ده‌بێ بگیرێن‌و لێکۆڵینـه‌وه‌یان لێ بکرێ نـه‌ك داواکـارانی ئـازادی، دێموکراسی‌و مافی مرۆڤ. داوا لـه‌ خـه‌ڵکی خـه‌باتگێڕی رۆژهـه‌ڵاتی کوردستان، گه‌لانی ئازادیخوازی ئێران‌و ناوه‌ندو رێکخراوه‌ مرۆڤ-دۆسـته‌کان‌و بـیروڕای گشـتیی جیهان ده‌که‌ین، فریای چالاکانی مه‌ده‌نی و سیاسی لـه‌ رۆژهـه‌ڵاتی کوردستان بکه‌ون‌و پشتیوانی لـه‌ مانگرتنه‌کـه‌یان‌و ویسـت‌و داوا ڕه‌واکانیان بکه‌ن.

بـه‌ هیـوای سـه‌رکه‌وتنی مـانگرتنی به‌ندییـه‌ سیاسـی‌و مه‌ده‌نییه‌کان‌و، به‌ ئاواتی نه‌مانی رێـژیمی ئـازادیکوژو دیکتـاتۆری کۆماری ئیسلامی

**ده‌فته‌ری سیاسیی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**١٣٨٧/٦/٥**
**٢٠٠٨/٨/٢٦**

---

## پشتیوانی ئه‌نجومه‌نی به‌رگری له‌ زیندانییه‌ سیاسییه‌کانی رۆژهه‌ڵاتی کوردستان

# له‌ مانگرتنی زیندانیانی سیاسی‌و مه‌ده‌نیی کورد

**خـــه‌ڵکی به‌شـــه‌ڕه‌فی کوردستان!**

**کـــۆڕو کۆمه‌لـــه‌ به‌شه‌ردۆسـته‌کانی لایـه‌نگری مافی مرۆڤ!**

لـــه‌ درێـــژه‌ی سیاســه‌ت و به‌رنامـه‌ی چـه‌وت و نائینسـانیی کومـــاری ئیسـلامیی ئێـــران ده‌رهه‌ق به‌ چالاکوانانی بـواری سیاسی و مه‌ده‌نی‌و مـافی مـرۆڤ هـــه‌ردێت و چـڕتر ده‌بێتـــه‌وه‌و رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێـران له‌هـــه‌موو چه‌شـــنه‌ فشـــارو ئه‌شکه‌نجه‌یه‌ك که‌لك وه‌رده‌گرێ به‌مه‌به‌سـتی به‌چـوك داهێنـان‌و رووخاندنی بیرو جسمی به‌ندییـه‌ سیاســـی و مـــه‌ده‌نی و ســـینفییه‌کان، بـــه‌ڵام پێشـیلکه‌رانی مـافی مـرۆڤ و ئازادی خافڵن لـه‌وه‌ی کـه‌ بـیرو بـــاوه‌ڕ و ئامـــانجی ئـــه‌م چالاکوانانه‌ به‌م کردارو ره‌فتاره‌ تونـــد و تیـــژو نامروڤانـــه‌و ناسه‌رده‌میانه‌ نـه‌ك نـاتوانن کز بکـه‌ن‌و ئـه‌وان لـه‌ پێنـاوی وه‌دیهێنـــانی داخـــوازه‌ پیروزه‌کانیـــان دا پاشـــگه‌ز بکه‌نـه‌وه‌، بـه‌ڵکو ئـه‌م شـێوه‌ پـلان و به‌رنامانـه‌ ئـه‌وان شـێلگیرتر و قـورس و قـایمتر ده‌کا، هه‌روه‌ك مێـژووی گـه‌لانی ئـازادیخوازی دیکـه‌ ئـه‌م راستی‌یه‌یان سه‌لماندووه‌.

هـــه‌روه‌ك هـــه‌موومان ئاگادارین لـه‌ ئاکامی گوشارو زه‌بروزه‌نگێـك کـه‌ رێـژیم رووبـه‌روی به‌ندییـه‌ سیاسـی‌و ومه‌ده‌نییـه‌کانی کـوردی کردۆته‌وه‌، به‌ندکراوه‌ سیاسی و مه‌ده‌نییـه‌کانی کـورد بریـاری هه‌لوێسته‌کردنێکی ئینسـانی و هێمنانه‌و شارستانیانه‌ لـه‌ ژێـر ناوی ئیقدامی مانگرتنی خـۆراك لـه‌ راسـتای ئاوڕدانـه‌وه‌ بـه‌ بـارودۆخی دژواری به‌نـدکراوه‌ کورده‌کان لـه‌ رۆژی دووشـه‌ممه‌ چواری خـه‌رمانانی ١٣٨٧ ئـه‌م دژکرده‌وه‌یـه‌ هاتـه‌ رێکخسـتن به‌کۆمه‌لێك مه‌به‌ست و ئامـانجی ئینسانی وحوقووقی.

ئێمـه‌ له‌رێگـه‌ی رێکخراوه‌کـه‌مان ئه‌نجومـه‌نی بـه‌رگری له‌زیندانییـه‌ سیاسـییه‌کانی رۆژهـه‌ڵاتی کوردستان داوا لـه‌ کۆڕوکۆمه‌ڵـه‌ به‌شه‌ردۆسـته‌کان وکه‌سـایه‌تییه‌کان و بـیروڕای گشـتیی ئێـران و جیهـان وکوردسـتان ده‌کـه‌ین کـه‌ پشـتیوانی و داکـۆکی لـه‌م هه‌ڵوێسـته‌ بکـه‌ن و پـێش بـه‌ هه‌موو ئه‌و جینایه‌ت‌و تاوانانه‌ی رێـژیم کـه‌ ده‌رهـه‌ق بـه‌ چـالاکوانانی بـواری ئـازادی و دێموکراسـی و مـافی مـروڤ و رۆژنامـه‌وانان و روونـاکبیران ده‌یکـا، بگـرن چـاوه‌ڕوانی هه‌نگاوی جیددی و به‌کرده‌وه‌ی ئێوه‌ پشتیوانانی مافی مرۆڤین.

**ئه‌نجومه‌نی به‌رگری له‌**
**زیندانییه‌ سیاسییه‌کانی**
**رۆژهه‌ڵاتی کوردستان**
**٥ی خه‌رمانانی ١٣٨٧ی**
**هه‌تاوی**
**pcppek@gmail.com**

بانگەواز:

# لە سەر پشتیوانیی مانگرتنی بەندییە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستان بەردەوام بن

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

هێزو رێکخراوو کەسایەتییە خەباتگێڕەکان!

رێکخراوو کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانی سەرانسەری جیهان!

مانگرتنی بەندییە سیاسی و مەدەنییە کوردەکان لە بەندیخانەکانی سەرانسەری ئێران دا، هەروا بەردەوامەو، پێی ناوەتە هەشتەمین رۆژ. ژمارەی ئەو بەندییانەی لەگەڵ ئەم مانگرتنە دەکەون تادێ زیاد دەکا. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە فشاری بەندییەوانەکان و دام و دەزگای سەرکوت بۆ سەر بەندییەکان بە مەبەستی شکاندنی مانگرتنەکەیان و تێکدانی یەکگرتوویی ئەوان، لە زیاد بوون دایە. بەڵام بە خۆشییەوە لەگەڵ ناکامی بەرەورووبووە. جێگای خۆشحاڵییە کە حەرەکەتی ئازایانەو دادخوازانەی بەندییە سیاسی و مەدەنییە کوردەکان لەگەڵ پشتیوانیی سەرجەم حیزب و رێکخراوە سیاسی و خەباتگێڕەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و چین و توێژە ئاگاو ئازادیخوازەکانی خەڵك بەرەورووبووە. ئەم حەرەکەتە هەروەها لە لایەن کۆمەڵێك رێکخراوی چەپ و دیموکراتی ئێرانی و چەندین پارلمانتێرو کەسایەتیی مرۆڤدۆست لە وڵاتانی رۆژئاوا، پشتیوانیی لێ کراوە.




حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەر لە رۆژەکانی یەکەمی ئەم مانگرتنەدا، وێڕای پشتیوانی لە مانگرتنی سەرانسەریی بەندییە سیاسی و مەدەنییە کوردەکان رایگەیاند: "حەرەکەتی ئازایانەی ئەوان تەنیا ئەو کاتە دەتوانێ پاشەکشە بە رێژیمی ئازادیکوژی کۆماری ئیسلامی بکاو بە ویستە رەواو ئیسنانییەکانی خۆی بگا کە لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات لەگەڵ پشتیوانیی خەڵك و هاوپێوەندیی بیروڕای گشتی و پشتگیریی رێکخراوو ناوەندەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ بەرەوروو بێ."

پشتیوانی روو لە زیادبوونی خەڵك و رێکخراوە سیاسییەکان هەر لەم ماوەیەدا، دەسکەوتی خۆی هەبووەو توانیویەتی ئەو بێدەنگی و سانسۆرەی رێژیم بە مەبەستی لە گەرووداخنکاندنی هاواری حەقخوازانەی بەندیە سیاسییەکان پێکی هێناوە، بێ ئاکام کاتەوە. بەو حاڵەش هێشتا نازانین لە نێو ژوورەکانی زیندان و لە ژێر فشارو ئەشکەنجەی جەلادەکان دا، رۆڵەکانمان بە سگی برسی و ئیرادەی پۆڵایینەوە چی دەچێژن. چونکە رێگا بە بنەماڵەکان، میدیاکان و نوێنەرانی رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان نادرێ سەردانی مانگرتووان بکەن و بارودۆخی ئەوان و قسەو پەیامی ئەوان بە بیروڕای گشتی رابگەیەنن.

هەر بۆیە بە پێویستی دەزانین رابگەیەنین:

١ ـ ناڕەزایەتیی دەربڕینی بنەماڵەی بەندییە مانگرتووەکان لە بەر دەم بێدادگاکانی رێژیم دا کە تا ئێستا لە شارەکانی مەهابادو سنە بەڕێوە چوون و لە لایەن خەڵکەوە پشتیوانیان لێ کراوە، پێویستە درێژەیان هەبێ. داوا دەکەین ئەم جۆرە حەرەکەتانە لە هەموو شارەکانی کوردستان دووپات ببنەوەو خەڵکەکەمان بە هەموو شێوەیەك پشتیان بگرن.

٢ ـ هەروا کە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کوردستان و چالاکانی سیاسی و مەدنیی کوردستان، داواکارو ئاڵاهەڵگری ئازادی و دێموکراسی و ماف مرۆڤ بۆ سەرانسەری ئێرانن، پشتیوانی لە مانگرتنی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کوردستانیش دەبێ ئەرکی هەموو ئێرانییەکی ئازادیخواز بێ. چالاکە سیاسی و مەدەنیە مانگرتووەکان، لە داواکانیان دا، داکۆکی لە مافەکانی سەرجەم بەندییە سیاسی و مەدەنییەکانی ئێران دەکەن. بەم پێیە ئەرکی هەموو ئێرانییەکی شەریف و خەباتگێڕ لە نێوخۆو دەرەوەی وڵاتە پشتیوانی ئەم مانگرتنە بێ و دەنگی خۆی تێکەڵ بە دەنگی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بکا.

٣ ـ حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئەرکی هەموو کومیتەکان، نوێنەرایەتییەکان و سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی خۆی لە دەرەوەی وڵاتی دەزانێ کار بۆ راکێشانی سەرنجی ناوەندو رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان و بیروڕای گشتی بۆ لای مانگرتنی بەندییە سیاسی و مەدەنییە کوردەکان لە ئێران دا بکەن. هەر لەو کاتەدا ئامادەیی خۆی بۆ کاری هاوبەش لەگەڵ حیزب و رێکخراوە کوردستانی و ئێرانییەکان لەو پێوەندییەدا رادەگەیەنێ و لە سەر پێویستییەکەی پێ دادەگرێ.

مانگرتنی سەرانسەریی بەندییە سیاسی و مەدەنییە کوردەکان لە بیرەوەریی بیستەمین ساڵی کوشتاری بە کۆمەڵی بەندییە سیاسییەکانی ئێران دا، ئەو پەیامەمان دەداتێ کە نابێ لە چارەنووسی رۆڵەکانمان لە بەندیخانەی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی دا غافڵ بین و ساتێك بە تەنیایان بێڵینەوە. کۆماری ئیسلامی دەبێ بزانێ ئەو کەسانەی ئەو رێژیمە دیکتاتۆرە نیازی کوشتن و لەنێو بردنیانی هەیە، رۆڵەی خەباتگێڕو خۆشەویستی نەتەوەو وڵاتی خۆیانن و تاوان دژی ئەوان، یاری کردن بە ئاگرە.

بە هیوای سەرکەوتنی مانگرتنی سەرانسەریی بەندییە سیاسی و مەدەنییە کوردەکان و، بە ئاواتی رووخانی رێژیمی ئازادیکوژو دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**دەفتەری سیاسی**

**١١ خەرمانانی ١٣٨٧**

**١ی سێپتامبری ٢٠٠٨**

# تەندروستی رووناك سەفارزادەو حەبیبووڵلا لەتیفی لە مەترسی دایە





چالاکی مەدەنی "رووناك سەفارزادە" و چالاکی خوێندکاری "حەبیبووڵلا لەتیفی" بارودۆخی تەندروستیان لە مەترسی دایەو تا ئێستا چارەسەر نەکراوە.

بە پێی راپۆرتی سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو "رووناك سەفارزادە" بە هۆی لێدان و ئازارو ئەشکەنجەوە گوێی راستی تووشی چڵك و عفوونەت بووەو بەرپرسانی بەندیخانەی ناوەندیی شاری سنە رۆژی پێنج شەممە ٢٤ی گەلاوێژی مانگی رابردوو بۆ ماوەی ٢ کاتژمێر، ناوبراویان گواستووەتەوە بۆ نەخۆشخانەی تەوحیدی شاری سنە.

بە پێی ئەم هەواڵە، پاش ئاگادار بوونەوەی بنەماڵەی رووناك لە گواستنەوەی کچەکەیان بۆ نەخۆشخانە، هاتنیان بۆ نەخۆشخانە لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی رێژیم پێشی پێ گیراوەو ئیزنی دیتنی رووناکیان پێ نەدراوەو دەست بەجێ ناوبراویان گواستووەتەوە بۆ بەندیخانە.

بە گوێرەی هەواڵی ئەو سەرچاوەیە، نەخۆشی گوێی رووناك هێشتا بێ چارەسەر ماوەتەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە، "حەبیبووڵلا لەتیفی" خوێندکاری سنەیی مەحکووم بە سێدارە، تووشی بەردی گورچیلە بووەو ئێستا لە رووی تەندروستیەوە لە دۆخێکی خراپ دایە.

بە پێی ئەو زانیارییانەی بە "کوردستان" گەیشتوون، ئەم خوێندکارە کوردە چەند جار رەوانەی نەخۆشخانە کراوە، بەڵام بە هۆی کەمی ماوەی تیمار کردن لە نەخۆشخانەو بارودۆخی نالەباری نێو بەندیخانە، نەخۆشی ناوبراو تا ئێستا چارەسەر نەکراوە.

لەم پێوەندییەدا حەبیبوڵلا لەتیفی رۆژی یەکشەممە ٢٧ی گەلاوێژ ماوەی نزیك بە دوو کاتژمێر بە بێ ئاگاداری بنەماڵەکەی رەوانەی نەخۆشخانەی بێعسەتی شاری سنە کراوەو دیسان رەوانەی بەندیخانە کراوەتەوە.

جێی ئامازەیە، رووناك سەفارزادە، ئەندامی ئەنجومەنی ژنانی ئازەرمێهرو کەمپێنی ١ ملیۆن واژۆیە کە مانگی رەزبەری ساڵی پار بە تۆمەتی جووڵانەوە دژی ئاسایشی نەتەوەیی دەستگیر کراوەو حەبیبووڵلا لەتیفی، چالاکی خوێندکاری کە ماوەی نزیك بە ساڵێکە بە تۆمەتی جووڵانەوە دژی ئاسایشی نەتەوەیی و پەیوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن دەستبەسەر کراوەو حوکمی ئێعدامی بە سەردا سەپاوە.

# ئەمنێستی ئەنتێرنەشنال یادی قوربانیانی کارەساتی خەرمانانی ١٣٦٧ی بەرز راگرت

رێکەوتی ٣٠ ئاگۆست بەشی هولەندی رێکخراوی ئەمێنتسی ئینتەرناشناڵ سیمینارێکی بۆ بەرز راگرتنی یادوبیرەوەری قوربانیانی کارەساتی خەرمانانی ١٣٦٧ بەڕێوەبرد. لەو سیمینارە دا لە سەر بانگهێشتی فەرمی رێکخراوی ناوبراو مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بەشداری کرد.

لە سمینارەکەدا خاتوو ئانە ماری بوسەر کارگێڕی ئەمنێستی بۆ بەشی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە هولەند وتارێکی پێشکەش کرد. ناوبراو لە وتارەکەیدا وێڕای ئاماژە بە هەڵسووکەوتی رێژیم لەگەڵ بەندییە سیاسییەکان ئاماژەی بە مانگرتنی زیندانیانی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان و پشتیوانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و چینە جۆراوجۆرەکانی خەڵك لەو مانگرتنە کرد.

لە دواین برگەی سیمینارەکە دا رێپۆرتاژێك لە سەر جەنایەتەکانی رێژیم بە بەشدار بووان نیشان درا.

شایانی باسە ئەمنێستی ئەنتێرناشنال دەقی وەرگێڕدراوی راگەیەنراوی پشتیوانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە مانگرتنی بەندکراوانی سیاسیو مەدەنی کورد لە نێو بەشداران بڵاو کردەوە.

## مانگرتن درێژەی هەیە

درێژەی:

لەگەڵ بەندکراوانی کورد لە لایەکی دیکەوە ناڕەزایەتییان دەربڕی. رێکەوتی ٨ی خەرمانان خەڵکی شاری مەهابادیش بە نیشانەی پشتگیری لە بەندییە مانگرتووەکان مانگرتنی گشتییان راگەیاندو زۆربەی دوکان و بازاڕەکانی ئەم شارە لەو رۆژەدا داخران و دواتر ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شار بە شێوەیەکی هێمنانە لە بەردەم دادگای شۆڕشی ئەو شارە کۆبوونەوە.

پێویستە بگوترێ رێژیم بۆ چاوترسێن کردن و بڵاوە پێ کردن بە جەماوەری ناڕازیی شاری مەهاباد ژمارەیەکی زۆر لە هێزە سەرکوتکەرەکانی رژاندوە سەر خەڵك و ژمارەیەك لە خۆپیشاندەرانیش دەستبەسەر کران.

بە پێی دوایین هەواڵەکان باری تەندروستیی مانگرتووان لە بەندیخانەکانی ئێوین و ورمێ روو لە خراپ بوونەو لەگەڵ مەترسیی جیدی رووبەڕوویە. لە هەمان کات بە پێی هەواڵی کۆمیتەی بەرگری لە مانگرتنی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد، بەرپرسانی بەندیخانەکان ژمارەیەك لە مانگرتووانیان بۆ ژووری تاکەکەسی گوازتۆتەوەو لە هەر چەشنە پێوندییەکی تەلەفوونی و چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەکانیان بێبەش کراون.

# کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانییە سیاسییەکان لوتکەی پاکتاوکردنی جیابیران

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢٠ساڵەی کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی

**"بەزەیی هاتنەوە بە دوژمنان ساویلکەییە، لێبراویی ئیسلام لە بەرانبەر دوژمنانی خودادا لە بنەما گومانهەڵنەگرەکانی نیزامی ئیسلامییە. ئاواتەخوازم بە [ نیشاندانی ] رق و تووڕەیی شۆڕشگێڕانەی [ ! ! ] خۆتان لەبەرانبەر دوژمنانی ئیسلام دا ڕەزامەندیی خودای گەورە وەدەست بێنن."**(خومەینی فەرمانی قەڵاچۆی زیندانییە سیاسییەکان)

**هاونیشتمانان، ئازادیخوازان، لایەنگران و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ !**

٢٠ ساڵ لەمەوبەر لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧ دا و دوابەدوای کۆتایی شەڕیماڵوێراکەری ئێران و عێراق و هەڵدانی جامی ژار لەلایەن خومەینی ڕێبەری ڕێژیمی ئیسلامییەوە، جەللادەکانی ئەم ڕێژیمە بە فەرمانی ڕێبەرەکەیان بە هەزاران کەس لە بەندییە سیاسییەکانیان بە کۆمەڵ ئێعدام کرد. ئەم تاوانە گەورەیە لە کاتێکدا ئەنجام درا کە ڕێبەرانی ڕێژێم و لەسەرووی هەموویانەوە خومەینی لە بردنە پێشی سیاسەتە شەڕخوازانەو مەزنیخوازنەکانی لە ناوچە دا شکستی هێنابوو و لەوە دەترسا ئەم شکستە کاردانەوەی نێوخۆیی لێبکەوێتەوە و ڕاپەڕینی خەڵکی بەدوادابێ. هەربۆیە دەزگای سەرکوت و تاوانی ئەم ڕێژیمە جارێکی دیکە و ئەم جارەیان لە ڕووبەرێکی بەرفراوان داو بە فەرمانی ڕاستەوخۆی ڕێبەری ڕێژیم دەستی کرد بە ئیعدامی بەکۆمەڵی بەندییە سیاسییەکان و لە ماوەی نزیك بە سێ مانگ دا بە هەزاران کەس لە تێکۆشەرانی سیاسیی نێو بەندیخانەکانیان لە دادگا چەند دەقیقەییەکان دا بە پەتی سێدارە و جووخەی ئیعدام سپارد .



ئیعدامی بەکۆمەڵی زیندانییە سیاسییەکان دەکرێ بە لوتکەی تاوانە سامناکەکانی ڕێژیمی ئیسلامی دژی جیابیران دابنرێ. دیارە ئەم ڕێژێمە بەر لەم کارەساتەو دوای ئەو میتۆدێکی دیکەی بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ جیابیران نەگرتۆتەبەر. هەموو ئەوانەی کورتە ناسیاوییەکان لەگەڵ نێوەرۆکی ئیدیۆلۆژیك و تاکدەنگیانە و سەرەڕۆیانە و دیکتاتۆرانەی دەسەڵاتی ئێستای ئێران هەیە دەزانن ئەم ڕێژیمە هەر لە سەرەتای بەدەستەوە گرتنی ئەهرۆمەکانی دەسەڵاتەوە بەدڕاندانەترین شێوە ڕووبەرووی جیابیران بۆتەوە و کەسی جیابیر لەلای هاوواتا بووە لەگەڵ " ملحد ،"منافق" مفسد فی ألارض" و... . ئەوەش زۆر بەسانایی ڕێگەی بۆ کاربەدەستان و مۆرە ورد و درشتەکانی ئەم ڕێژیمە خۆش کردوە کە تەنانەت پێیان وابێ بە کوشتنی جیابیران و دژبەرانی ڕێژیمەکەیان پاداشی خودایان پێدەبڕێ.

هەر بۆیەش دەبینین لە پڕۆسەی جێبەجێکردنی فەرمانە شوومەکەی خومەینی دا هیچ بەهایەك بۆ دادگایی کران و دادگایی نەکران، ماوەی مانەوە لە بەندیخانە، بەستراوەیی ڕێکخراوەیی بەندییە سیاسییەکانو تەنانەت سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤیش دانەنراوە. ئەندامانی "کومیسیۆنی مەرگ" لە ماوەیەکی ٢ـ١ دەقیقەیی دا بڕیاریان لە سەر مان و نەمانی تێکۆشەرێکی سیاسی داوەو جەللادەکانیش بە هەمان شێوە بەکۆمەڵ تێکۆشەرانی سیاسییان ئێعدام کردوەو لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان دا شاردوویاننەتەوە.

پاکتاوی زیندانییە سیاسییەکان لە هاوینی ٦٧ داو بە گشتی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕێژیمی ئیسلامی ئەگەرچی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێرانی لە هەزاران تێکشەرو خەباتکاری دژ بە سەرەڕۆییو کۆنەپەرستی بێبەش کرد، بەڵام بەو حاڵەش نەبووەتە هۆی هاتنەدی ئەو خولیایەی کاربەدەستانی ڕێژیم، واتە کوژانەوەی کوانووی خەباتو بەرخۆدانی ئازادیخوازانە. بۆیە ئەمڕۆکەو دوای سێ دەیە سەرکوتی بێبەزەییانەو نامرۆڤانە دەبینین کۆمەڵانی ئازادیخوازی ئێرانو نەتەوە ژێردەستەکانی نێو جوغرافیای ئێران جارێکی دیکە بوونەتەوە بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر دەسەڵاتدارانی پڕ لە تاوانی ڕێژیمی ئیسلامی. هەر بۆیە دەبینین دوای تێپەڕینی بیست ساڵ بە سەر کۆمەڵکوژیی بەندییە سیاسییەکان دا سەرەڕۆیانی دەسەڵاتبەدەست گوڕێکی توندتریان با ماشێنی سەرکوتو داپڵۆسین بەخشیوەتەوەو دەیانەوێ بە سەرکوتی ناڕازاییانو ئازادیخوازان ساڵو مانگەکانی تەمەنی دەسەڵاتی ڕەشیان درێژ بکەنەوە. بەڵام وا دیارە دەسەڵاتدارانی دژە ئازادیو سەرەڕۆی ئێرانیش وەك هاوتاکانیان لە مێژوو دا نایانەوێ دەرس لە مێژوو فێر بنو سەرکوتیان کردۆتە زامنی پاراستنی دەسەڵاتیان. غافڵ لەوەی ئەمڕۆکە لە لایەك، لە ئاکامی سیاسەتە ئاژاوەگێڕانەو سەرەڕۆیانەکانیان لە ئاستی نێونەتەوەیی داو لە لایەکی دیکەوە لە ئاکامی گەشەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە نێوخۆی وڵات دا زیاتر لە هەر کات تەمەنی دەسەڵاتیان لە کۆتایی نزیك بۆتەوە.

**خەباتکارانو خەڵکی ئازادیخواز!**

هەر ڕۆژێکی تەمەنی ئەو ڕێژیمەو بەگشتی هەموو تەمەنی ئەم ڕێژیمە ئاوێتەیە لەگەڵ تاوانو ئازارو ئازادیخوازکوژی لە سەرانسەری ئێرانو لە کوردستان دا بە تایبەتی کە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی دەسەڵاتی خومەینیو دارودەستە کۆنەپەرستەکەیەوە بە تاوانی مافخوازیو دەنگنەدان بە ڕەوایی سیستمێکی سەرەڕۆی مەزهەبی کەوتۆتە بەر دڕندانەترین شاڵاوەکانی قەڵاچۆ کردن و کۆمەڵکوژی. هەموو ئازادیخوازانی ئێران ئاگادارن کە هەر لە سەرەتاوەو دوای هاتنە گۆڕێی داوا ڕەوا و مرۆییەکانی نەتەوەی کورد، لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا خومەینی ڕێبەرو بنیاتنەری ڕێژیمی ئیسلامی فتوای جیهادو قەڵاچۆی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەرکرد. هەر بۆیە فتواچیان و لەشکری دەمارگرژو قەڵاچۆکاری ئەم ڕێژیمە مەغولانە ڕژانە کوردستان و لەو ساوە تا ئێستا بە دەیان هەزار کەس لە خەڵکی ئاسایی و ڕۆڵە خەباتکارەکانی کوردیان کوشتوە. هەر لە سایەی ئەو سیاسەتە شوومەوەیە کە تا ئێستا کوردو کوردستان لە لایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەوە بە چاوێکی ئەمنیەتی و تێکەڵ بە جیاوازیدانان سەیریان دەکرێ و ڕۆژ نیە تاوانێك بە دژی خەڵکی ستەمچەشتووی کوردستان ئەنجام نەدرێ.

کەواتە زۆر ئاسایی و سروشتییە کە بڵێین ماشێنی تەمەن و دەسەڵاتی دەسەڵاتبەدەستان و بەگشتی سیستمی سیاسیی ئێستای ئێران بەبێ خوێن و تاوان و سەرکوت ناتوانێ ڕێگە ببڕێ. بۆیە ئەوەی لەم نێوەدا زۆر دەمێکە بە تایبەت لە کوردستان هەستی پی کراوەو تا ئێستاش پێویستییەکەی زۆر زیاتر بووە، بریتیە لە خەباتی یەکگرتووانەو پشوودرێژانە تا کۆتاییهێنان بە تەمەنی ئەم ڕێژیمە. هەر ڕۆژێك لە تەمەنی ئەم ڕێژیمە تراژێدی و تاوانێکی تێدا دەخولقێ و بەم پێیە زەبرێك لە داهاتووی گەلانی ئێران کەوێ. بێدەنگ مانەوەو ترس لە دەزگای سەرکوتی ڕێژیم ئەو شتەیە کە کاربەدەستانی ڕێژیم مەبەستیانەو ئاواتی بۆ دەخوازن.

مانگرتنی گشتیی بەندییە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستان کە لە بەرەبەری ٢٠ ساڵەی کوشتاری زیندانییە سیاسیەکان دا دەستی پێ کردوەو هەر ئێستا درێژەی هەیە، ئەگەر لە لایەکەوە نیشانەی ئەم ڕاستییەیە کە سیاسەت و ڕەفتاری ڕێژیم لە بارەی سەرکوتی جیابیران نەگۆڕاوە، لە لایەکی دیکەشەوە ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ کە خۆڕاگری بەرانبەر بەو ڕێژیمە ئازادیکوژو تاوانکارە تەنانەت لە نێو بەندیخانەکانیش دا درێژەی هەیەو ستەم و تاوان و گرتن و کوشتن و بڕین ناتوانن ئازادیخوازانی کوردستان و ئێرن لە داواکردنی ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ پاشگەز بکەنەوە.

جێگای خۆیەتی یادی ٢٠ ساڵەی کارەساتی پاکتاوی بەندییە سیاسییەکان و هەموو تاوانە گەورەو بچووکەکانی ئەم ڕێژیمە ببێتە هاندەرمان بۆ پشتیوانی لە بەندییە سیاسیەکان و ویست و داوا ڕەواکانیان و، لە خەبات دژی ئەم سیستمە سەرەڕۆیە سوورتر، شێلگیرترو یەکگرتووترمان بکا. ئەمەش تەنیا پاداشێکە کە دەتوانین پێشکەش بە گیانبازی و خۆبەختکەریی هەموو ئەو کەسانەی بکەین کە ماشێنی سەرکوت و ئازادیکوژی ئێستای تاران گیانی لێستاندن. لەم پێناوەش دا حیزبی دیموکراتی کوردستان و خەڵکی کوردستان هەر وەك لە سی ساڵی ڕابردوودا نیشانیان داوە خۆیان بە هاوخەبات و پشتیوانی هەموو ئازادیخوازان و لایەنگرانی سیستمێکی دیموکراتیك و فیدراڵ بۆ داهاتووی ئێران دەزانن.

سەرکەوێ خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران لە دژی ڕێژیمی سەرەڕۆ و کۆنەپەرستی ئیسلامیی ئێران

سەرکەوێ خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی هەموو نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران

بڕووخێ ڕێژیمی تاوانکاری ئیسلامی

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٨ی خەرمانانی ١٣٨٧**
**٢٩ی ئووتی ٢٠٠٨**

# کارەساتی قارنێ لە زمانی دانیشتوانی گوندەکەوە

ئا: مادێح ئەحمەدی

پێشەکی:
سەبارەت بە چۆنیەتی خولقاندنی ژینۆسایدی ١١ی خەرمانای ساڵی ١٣٥٨ی گوندی "قارنێ" لە کاناڵ گەلێکی تایبەتەوە توانیمان پێوەندی بکەین بە چەند کەس لە دانیشتوانی ئەم گوندەوە و بیان دوێنین. لێرەدا لەبەر چەند هۆیەك ناتوانین ناوی ئەو کەسانە ببەین. هەروەها سپاسی ئەو کەسانەش دەکەم کە بۆ ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە یارمەتییان داوم.

یەکێك لە دانیشتوانی ئەم گوندە کە ئەو کاتە تەمەنی ٢١ساڵ بووە، سەبارەت بە چۆنیەتی دەستپێکردنی کارەساتەکە وتی:" رۆژی ١٠ی خەرمانان ٢ کەس لە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە یەکیان ناوی "محەمەد عەلی پیرەژن" بوو لە شوێنێکدا کە زاڵ بوو بەسەر پاسگای گوندی"دووئاوان" بۆسەیان دانابوو بۆ هێزەکانی رێژیم کە ناسرابوون بە "موجاهێدینی پاسدار" و ماشێنێکی نیزامیی هێزەکانی رێژیمیان، کە هەڵگری ١٨ کەس بوو تەقاندەوە. لەم هێرشەدا پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات سەرەتا توانیان لەو ١٨ کەسە ١٦ کەسیان بکوژن و دوو کەسەکەی دیکەش بریندار بکەن. لەهەمان کاتدا ئەو دووکەسە خۆیان وەك مردوو نیشان دەدەن پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات دێنە پێشێ و پێیان وایە کە هەموویانیان کوشتوە و دەگەڕێنەوە و شوێنەکە چۆڵ دەکەن. لەکاتی گەڕانەوەیاندا، ئەو دوو پاسدارە کە بریندار دەبن بە دوایان دا تەقە دەکەن و لەئاکامدا هاورێیەکەی "محەمەد عەلی پیرەژن" شەهید دەبێ. لێرەدا دیسان محەمەد دەست دەکا بە تەقە کردن و یەکێك لەو دوو پاسدارە بریندارە دەکوژێ، بەڵام لە کوشتنی ئەویتریان دا سەرناکەوێ. پاشان "محەمەد عەلی پیرەژن" دەچێتە گوندی"دووئاوان" و بە دانیشتووانی گوندەکە رادەگەیەنێ کە بە زووترین کات بچنە دەرێ و گوندەکە چۆڵ بکەن، ئەگینا هێزەکانی رێژیم هەمووتان دەکوژن و ئاگر لە ئاوایی بەردەدەن. خەڵکەکەش بەقسەی دەکەن و گوندەکە چۆڵ دەکەن، جگە لە دوو برا بە ناوەکانی "عەبدوڵلا خالند و مینە خالند" کە تەمەنیشیان نزیکەی ٦٥ تا ٧٥ ساڵ دەبێت.

هێزەکانی رێژیم لە نەغەدە و پادگانی جەڵدیانەوە رۆژی ١١ی خەرمانان دەنێردرێنە گوندی "دووئاوان" و گوندەکە ئاگر دەدەن و ئەو دوو برایەش شەهید دەکەن، دوای کوشتنی ئەم دووبرایە و ئاگردانی گوندەکە، هێزەکانی ناسراو بە موجاهیدینی پاسدار لە گەڕانەوە بەرەو نەغەدە بە مەزراکانی گوندی قارنێدا تێپەڕ دەبن و دەست دەکەن بە کوشت و بڕی خەڵکی قارنێ.

لە یەکەم مەزرادا سێ منداڵ کە تەمەنیان لە ژێر ١٠ ساڵ دا دەبێت و خوشك و برا بوون و بەلای چەند سەر ئاژەڵەوە بوون، دەکەونە بەر پەلامار و شەهید دەبن. نێوی ئەو منداڵانە بریتی بوو لە:

١. رەحمان رامینی، ٢. خاتووزین رامینی، ٣. .... (خۆشکە چکۆڵەکەیان)

دەوترێ لەو کاتەدا ئەو سێ منداڵە، هەر کە پاسدارەکان دەبینن زەندقیان دەچێ و باوەش دەکەن بە یەکتردا، ئەو جا پاسدارەکان دەیانکوژن. دوای ئەم سێ منداڵە، دەگەن بەسێ کەس کە شوان دەبن و ئەو سێ کەسەش شەهید دەکەن. نێوی ئەو شوانانە ئەمانەن:

١. ئەبووبەکر مستەفا زادە، ٢. سەید ئیسماعیل تاهیری و ٣. کەسێك بە ناوی"حەسەن" کە خەڵکی گوندی قارنێ نەبووە و ئەوکات وەك شوان لە قارنێ دا کاری کردوە.

لەم نێوەدا دوو کەسی تر هاورێی ئەو سێ شوانە دەبن، بەڵام ئەوان بەبرینداری دەتوانن خۆیان دەرباز بکەن.

یەکێکی تر لە شاهیدانی کارەساتەکە وتی: دوای ئەوەی پاسدارەکانی رێژیم هاتنە نێو قارنێ، یەکەم ماڵ کە کەوتە بەر ئەم هێرشە و ئاگریان تێبەردا، ماڵی "حاجی رەحمان شەریفی ئازەر" بوو. لەم ماڵەدا شەش کەس کەوتنە بەر پەلامار و تەقەی پاسدارەکان و ٥ کەسیان شەهید بوون، کە سێ کەسیان پێش ئەوەی پاسدارەکان بگەنە گوندەکە لەگەڵ دووکەسی تر (سەید فەتاح تاهیری و رەحیم سلێمانی) لە دانیشتووانی گوندەکە یارمەتیی کوڕەکەی حاجی رەحمان دەدەن کە لای شوانەکان بریندار بووە و دەیگەیەننە ماڵەوە. لەم نێوەدا یەکێکی دی لە کوڕەکانی حاجی رەحمان بەناوی "خالێد شەریفی ئازەر" کە لەو شەش کەسەیە وا لە ماڵێ تەقەی لێدەکرێ‌وخۆی وەك مردوو لێدەکا و لەگەڵ ئەو پێنج تەرمە خۆی تێکەڵ دەکا. ناوبراو کە لەگەڵ تەرمەکان دەخرێنە نێو ماشین، لە نێو جادەدا دەتوانێ لە سەر ماشینەکەوە خۆی بهاوێتە نێو باغێك و خۆی بشارێتەوە. ئەو پێنج کەسەی کە لێرەدا شەهید دەبن بریتین لە:

١ـ حاجی رەحمان شەریفی ئازەر

٢ـ ئامینە چاوشین (هاوسەری‌حاجی رەحمان)

٣ـ عوسمان شەریفی ئازەر (کوڕی حاجی رەحمان)

٤ـ رەحیم سلێمانی (٢٠ ساڵە)

٥ـسەید فەتاح تاهیری (٣٠ساڵە)

بنەماڵەیەکی تر کە بەتوندی کەوتنە بەر شاڵاوی ئەم هێرشە، بنەماڵەی "سلێمانی"یە و بەتەواوی هەموویان شەهید بوون. ناوی چەند کەس لە شەهیدانی ئەم بنەماڵەیە ئەمانەن:

١ـ قادر سلێمانی

٢ـ رەحمان سلێمانی (کوڕی قادر)

٣ـ کەریم سلێمانی (کوڕی قادر)

هەروەها "رەحیم " (کوری قادر سلێمانی) کە لەسەرەوە ناوەکەی لە ریزی ئەو پێنج شەهیدەکەدا هات.

ئەمانەش ناوی کۆمەڵێك لەو شەهیدانەی کە لێرە (قارنێ) لە ١١ی خەرمانان شەهید بوون و کەوتنە بەر پەلاماری پاسدارەکان:

١. وەستا مەحموود داوودی (شەبرو) (٦٥ ساڵە)

٢. سەید قادر تاهیری (٦٥ ساڵە)

٣. سەید فەتاح تاهیری (کوڕی سەید قادر ،٣٠ ساڵە)

٤. سەید ئیسماعیل تاهیری (کوڕی سەید قادر ،٤٠ ساڵە)

٥. سەید عەلی تاهیری (برای سەید قادر، ٧٠ ساڵە)

٦. سەید رەحمان تاهیری (برازای سەید قادر و سەید عەلی،٥٠ ساڵە)

٧. سەید محەمەد تاهیری (برای سەید رەحمان تاهیری، ٣٥ ساڵە)

بنەماڵەی "مستەفازادە":

١. عوسمان مستەفازادە (٢٧ ساڵە)

٢. جەعفەر مستەفازادە (١٧ ساڵە) ،٣. ئەبووبەکر مستەفازادە (٢٠ ساڵە) کە لەسەرەوە ناوی هات و هەر سێ کەسیان برا بوون.

بنەماڵەی "رامینی":

١. ئەحمەد رامینی (٢٠ ساڵە)

٢. خاتوو زین رامینی، ٣. رەحمان رامینی و ٤. خۆشکە چکۆڵەکەیان (لەسەرەتاوە باسیان لێکرا و "ئەحمەد رامینی"ش برایانە).

بنەماڵەی "بێواسی":

١. عومەر بێواسی (٥٠ ساڵە)

٢.جەعفەر بێواسی (٢٥ ساڵە) و

٣. مستەفا بێواسی برازای جەعفەرو عومەر (٢٠ ساڵە).

بنەماڵەی "عەزیزی":

١. محەمەد عەزیزی (٧٠ ساڵە)و

٢. مستەفا عەزیزی (٢٣ساڵە و کوڕی محەمەد عەزیزی).

بنەماڵەی "ئابرۆشین":

١. شەریف ئابرۆشین (٧٥ ساڵە) و ٢. محێدین ئابرۆشین (٤٠ ساڵەو کوڕی شەریف ئابرۆشین ).

بنەماڵەی "خوسرەوی":

١. رەحیم خوسرەوی (٧٥ ساڵە)، ٢. ئەبووبەکر خوسرەوی (٤٠ ساڵە) و٣. عەبدوڵلا خوسرەوی (٣٠ ساڵە). جێی ئاماژەیە هەر سێکیان برا بوون.



ژمارەیەك لەو کەسانەی کە لەم رووداوەدا بوون بە قوربانی و پێویستە باسیان لێ بکرێ بریتین لە: کەسێك بە نێوی "عەلی" کە خەڵکی گوندی "دووئاوان" بووە و لە قارنێ، شوان بووە.

مەلا مەحموود بێهتەرزادە (٦٠ ساڵە)، ئیبراهیم ناسراو بە "ئیبراهیم گێڕ" (٥٥ ساڵە)، رەحمان ئابزەند (٦٥ ساڵە). بە وتەی دانیشتووانی گوندی "قارنێ" لەو کاتەدا ناوبراو بە گوێدرێژ خەریکی گواستنەوەی ئالف بووە لە مەزراوە بۆ ماڵەوە. ئیبراهیم رەسووڵی (٦٠ ساڵە لاڵ بووە)، سەید کەریم ئەروەندی (٣٠ ساڵە)، سلێمان هەمزە پوور (١٩ ساڵە) دەوترێ ناوبراو تەنیا لاقێکی هەبووە. ئەمە ناوی کۆمەڵێك لەو کەسانە بوو کە لەم رووداوەدا شەهید بوون.

بەوتەی شاهیدانی ئەو رووداوە، هێزەکانی حکومەت پاش ئەو کوشت و بڕە، ئاگر لە دوو تەراکتۆریش بەردەدەن.

دانیشتووانی قارنێ لە کۆی ئەو کوشت وبڕەدا کوشتنی دوو کەس لە شەهیدانی ئەو گوندە زۆر نامرۆڤانەو دڕندانە وەسف دەکەن و وەك هەژێنەرترین دیمەنی ئەو مەرگەساتە باسی لێدەکەن. یەکێك لەو کەسانە "مەلا مەحمود بێهتەرزادە"یەو ئەوەی تریان "سەید عەلی تاهیری"یە.

دانیشتووانی گوندەکە دەڵێن کاتێك مەلا مەحمود دبینێ کە چلۆن خەڵك دەکوژن و سەردەبڕن، بەرەولای هێرشبەرانی ناسراو بە "موجاهیدینی پاسدار" دەڕوا و دەپاڕێتەوە کە دەست رابگرن، خەڵکی ئەم گوندە بێ تاوانن و لەهەمانکاتدا قورئانێکی بەدەستەوەیە. لەم نێوەدا کە دەبینێ گرنگی بە قسەکانی نادەن و سووکایەتیی پێدەکەن، مەلا مەحموود دەڵێ:" ئێوە تەنانەت لە تەرمەکانی ئێمە دەترسن، بەڵام دڵنیا بن ئێمە قەت نامرین و ئاخرەکەی دەگەین بە مافی خۆمان". ئەمە دەبێتە هۆی شەڕە قسە لەنێوان هێرشبەران و مەلا مەحموود دا، کە ئاخرەکەی هێرشبەران قورئانەکە لەدەستی مەلا مەحموود دەستێنن و تووڕی دەدەن و خێرا سەری لە جەستەی جیادەکەنەوەو دوای ئەوەش چەند گوللە دەنێن بە سەریەوە. دواتریش سەری نەدۆزراوەتەوە و تەرمەکەی بێ سەر نێژراوە.

هەروەها دانیشتووانی "قارنێ" سەبارەت بە چۆنیەتیی کوشتنی "سەید عەلی تاهیری" وتیان: سەید عەلی تاهیری کە نزیکەی ٧٠ ساڵ تەمەنی بوو، پاش شەهید بوونی براکەی و ٣ کەس لە برازاکانی بە هێرشبەران دەڵێ:" لە مەرگ باکم نیە و گیانی من شیرینتر لە براکەم و برازاکانم نیە". هەر لەم پرۆسەیەدا دەبێتە قسەیان و هێرشبەران دەستی دەبڕن و شەهیدی دەکەن.

خەڵکی قارنێ دەڵێن: دوای ئەم تاوانە دڕندانەیەی هێزەکانی رێژیم بەتەواوەتی قارنێمان بەجێ هێشت ئەوانەی کە لە دەستی خوڵقێنەرانی ئەم کارەساتە دەربازبوون رۆیشتین بۆ گوندی "کانی بوداغ" سەر بە شاری پیرانشار و نزیکەی ٤٥ رۆژ قارنێ چۆڵ بوو ئینجا گەڕاینەوە.

دانیشتووانی قارنێ هەروەها دەڵێن:" دوای ئەم کارەساتە کە زیانێکی گیانی و ماڵیی قورسمان بەرکەوت، لەلایەن هیچ ئۆرگان و رێکخراو شوێنێکەوە (نە دەوڵەتی و نە نا دەوڵەتی) هیچ چەشنە یارمەتییەکمان نەدرا و هیچ کەس پێ‌ و شوێنی ئەو بارودۆخەی ئێمەی نەگرت و نەتەنیا خوڵقێنەرانی ئەو رووداوە سزا نەدران بەڵکوو لە لایەن دەوڵەتەوە پشتیوانییان لێ کرا و پاداشتیان وەرگرت.

سەبارەت بەوەی کە پاش خوڵقاندنی کارەساتەکە، هێزەکانی رێژیم چلۆن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ تەرمی شەهیدانی ئەو رووداوە کردو و چیان لێ کردن، دانیشتووانی قارنێ دەڵێن:" هێرشبەران پاش ئەوەی کۆمەڵێك خەڵکی بێ تاوانی گوندەکەیان شەهید کرد، تا ئەو شوێنەی، جێگە بوو، تەرمەکانیان خستە سەر ماشین و ئەوانەشیان کە جێیان نەبووەوە، بەستیانن بەدوای ماشینەکاندا و وەك دژە شۆڕش و نەیار لەقەڵەمدران و بەرەو نەغەدەو گوند و چیاکانی دەوروبەر راکێشیان کردن. تەنانەت تەرمی خاتوو "ئامینە چاوشینی" و ئەو دوو کچەی (خاتوو زین رامینی و خۆشکە چکۆڵەکەی) کە تەمەنیان لە ژێر ١٠ ساڵ دابوو بەرەو شاری نەغەدە راکێشران و سووکایەتیان پێ کرا. تەرمی ٥ کەس لە شەهیدان لە ژێر زبڵەکانی شارەوانی دا لە قەراخی شەقامەکاندا شاردرابوونەوە و کۆمەڵێکیشیان لە قەراخی جادەکاندا تووڕدرابوون و قوڕیان بەسەیاندا کردبوو، کە لە ئاکامدا خەڵکی دەوروبەر بە هاوکاریی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات دەریان هێنان و لە یەکێك لە گۆڕستانەکانی ناوچەکەدا ناشتیان.

ئێستەش تەرمی هەموو شەهیدانی ئەو مەرگەساتە لە گۆڕستانی گوندی قارنێدا نین و زۆربەیان لە گوندەکانی دەوروبەردا نێژراون. سەبارەت بەوەکە خەڵکی گوندی قارنێ وەك رێژیم دەڵێ دژە شۆڕش و یارمەتیدەری ئۆپۆزیسیۆن بوون و ئایا ئەمەش بۆتە بیانووی هێرشی هێزەکانی رێژیم بۆ سەر ئەم گوندە، یەکێك لە دانیشتووانی گوندەکە وتی:" ئەگەرچی لەو حاڵەتەشدا، ئازادیی بیروڕا مافی خۆمانە، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە گەر وایە تاوانی ئەو سێ منداڵەی کە تەمەنیان لە ژێر ١٠ ساڵ دابوو و ئەو پیرەژنەی کە تەمەنی لە سەرەوەی ٦٠ ساڵ بوو چی بوو؟ ئایا ئەوان لە سیاسەت و کوردایەتی تێدەگەیشتن؟..... تەنیا تاوانی خەڵکی قارنێ کورد بوون بوو و هیچی تر....

هەروەها بە وتەی دانیشتووانی قارنێ پاش ئەم رووداوە چەند کەسی تر لە دانیشتووانی ئەم گوندە شەهید بوون کە ناوەکانیان بەم جۆریە:

"عەلی گلاتۆر" (٦٠ ساڵە)، ناوبراو بەهۆی ئەوەیکە تیکەی خۆمپارەی بەرکەوت شەهید بوو و خومپارەکەش لە پادگانی "جەڵدیان"ەوە بەرەو قارنێ هاوێژرابوو.

"عەزیز مەرزینگ" (٤٥ ساڵە) ناوبراو لە کاتی گەڕانەوە لە مەزرا، لەسەر تراکتۆرەکەی، لەلایەن پادگانێکەوە لە رووبەڕووی گوندەکەوە، تەقەی لێکراو شەهید بوو.

هەروەها دوو کەس بە ناوەکانی"عوسمان رامینی" (برای خاتوو زین و .....) و "مستەفا ئابزەند" کوڕی "رەحمان ئابزەند" لە کاتی بەجێهێشتنی گوندەکە، هێزەکانی رێژیم دوای خولقاندنی کارەساتەکە کە دەگەڕێنەوە لە "دوڵی بایزاوا" دەگەنە سەریان و شەهیدیان دەکەن.

دانیشتووانی قارنێ سەبارەت بەو جۆرە چەکەی کە لەو رووداوەدا هێرشبەران بەکاریان هێناوە دەڵێن:" هێندێکیان بەکارد و چەقۆ سەربڕی، دەستەیەکیش کەوتنەبەر تیرباران و تەقەی تفەنگ، کە زۆربەی ئەو چەکە گەرمانەی بەکار دەهاتن "ژـ٣" بوون و لەهەمانکاتدا هێلیکۆپتەرەکانی رێژیم بە ناوچەکەدا دەسووڕانەوەو پشتیوان و یارمەتیدەری هێرشبەران بوون و ئەوانیش لە ئاسمانەوە تەقەیان لە خەڵك دەکرد.

سەبارەت بە نامەکەی "حاجی عەزیم مەعبوودی" کە رۆژی ١٠ی خەرمانان دەنێردرێ بۆ گەورەپیاوانی قارنێ، دانیشتووانی ئەم گوندە دەڵێن:" ئەم نامەیە راستە و بۆ ئێمە روونە کە مەعبوودی دەستی لەو کارەساتەدا بووەو تا کاتێك مرد لە لایەن رێژیمەوە پشتیوانیی لێ کراو بۆ ئەو کارەشی پاداشتی تایبەتی وەرگرت.

دانیشتوویەکی دیکەی گوندەکە سەبارەت بە هەڵسوکەوتی ئەم چەند ساڵەی رێژیم لەگەڵیان دەڵێ:" پاش ئەو کارەساتە رێژیم بەدامەزراندنی ناوەندێکی بەسیجی چالاك لەم ناوچەیەدا زۆر هەوڵی داوە ئەو کارەساتە لەبیری خەڵکی ئەم گوندە بباتەوە، ئێستە بە ئاماژە بەوەکە یەکێك لە موجاهێدە پاسدارەکانی ئەو کات بۆتە سەرۆك کۆمار، خەڵکی ئەم گوندە ترسیان لێ نیشتووە، بەڵام ئەوەتا ٣٠ ساڵ بەسەر ئەم مەرگەساتەدا تێپەڕی، گەر ٢٧٠٠٠ ساڵیش تێپەڕببێ ئەم رووداوە لە یاد ناچێتەوە و نەوەبەنەوە وەك بیرەوەری و... دەگێڕدرێتەوە بۆ داهاتووان .

# عێراق: گەڕانەوە بۆ دواوە؟

حوسێن ئەحمەدپوور

شەڕ دیسان بەر دەرگای ماڵی کوردانی گرتووەو پێدەچێ بۆ جارێکی دیکەش ناسیۆنالیزمی زێدەخوازیو بیری شۆڤینیزمی عەرەب بەرەیەکی نوێی شەڕ بۆ سەرکووتی کوردو داگیرکردنی وڵاتەکەی بکاتەوەو هەروەها پێدەچێ کورد دیسان بۆ سەلماندنی مافەکانی لە شەڕێکی داسەپاوەوە بگلێ کە بە هەموو دەمای خۆی دەیەوێ خۆی لێ بەدوور بگرێ.

لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعسەوە ڕای گشتی خەڵکی کورد لە باشووری کوردستانو ڕۆشنبیرانی کورد هیچ کات بە قەرا سیاسەتمەدارانو سەرکردایەتیی کوردستان دڵخۆش بە پرۆسەی نوێ لە عێراق نەبوونو نەیاندەتوانی متمانە بە درووشمو بەڵێنییە ئازادیخوازانە، برایەتییو یەکسانیخوازانەکانی ئەو سەرکردە شیعانە بکەن کە ساڵانێکی دوورو درێژ بە ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی لە تارانو قوم پەروەردە کرابوون. بەشێك لە ڕۆشنبیرانی کورد هەمیشە بە گومان بوون لەو دۆستایەتییە ستراتژییەی نێوان کوردو ئەمریکاو هاوپەیمانانی لە عێراق کە خاڵی جەوهەری ئەو دۆستایەتییە لە چەسپاندنی بنەماکانی دێموکراسیو سڕینەوەی ئاسەوارو کلتووری فاشیزمو بەعسیزم لە عێراق بەرجەستە دەکراوە. کەچی ڕووداوەکانی ئەم دوایانە شۆکێك بوو بۆ هەموو ئەو کوردانەی کە گیرۆدەی گەشبینییەکی کوردانە بوون کە هەموو مەزلوومێکی ئەورۆیان پێ فریشتەیەو لەگەڵیان دەچنە سەنگەرو هەر دوژمنێکی دوژمنەکەشیان پێ دۆستیی ستراتژییەو پشتیان پێدەبەستن.

ئەو پیلانو هێرشانەی ئەو دوایانە کە لە عێراق لە دژی گەلی کورد بەڕێوە دەچێ شتێکی نوێ نییەو دەتوانین بڵێین هەر لە سەدەی ڕابردوودا چەندین جاری ئەزموون کراوە، هەر لە کاتی دروست بوونی تورکیای نوێوە تا دەگاتە شۆڕشی مەلا مستەفای بارزانی، بەڵام هەمیشە پیلانەکان دژی کورد سەریان گرتووەو کورد تێیدا شکستی خواردووە. ئێستا پرسیار ئەوەیە: ئایا ئەمجارەیان کورد لە باشووری کوردستان کە بە حوکمی هەندێك فاکتەر، وەکوو چوونە سەری ڕادەی وشیاری سیاسیو نەتەوەیی، بوونی سوپایەکی تا ڕادەیەك تۆکمەو بەهێزو بە ئەزموونو ... کە لە مێژووی لانی کەم ١٠٠ ساڵەی ڕابردوودا لە بەهێزترین کاتی خۆیدایە، دەتوانێ دەرباز ببێو بە سڵامەت کاروانەکەی بگەیەنێتە مەنزڵ؟

یەکێك لەو ڕەخنانەی کە دەکرێ ڕووبەڕووی سەرکردایەتیی کورد بکرێتەوە ئەوەیە کە لە دوای ڕووخانی بەعسەوە ئەوەندەی کاریان بۆ وەسەریەکخستنەوەی لەتو پەتەکانی وڵاتێك کرد کە لەنێو خۆیدا تێك ڕووخابووو هەر کەس لەبیری پچڕینی بەشی خۆیدا بوو، ئەوەندەیان کار بۆ ئەوە نەکرد کە لە ئەوپەڕی بەهێزی خۆیانداو ئەوپەڕی لاوازی لایەنەکانی بەرامبەریاندا لە فاکتەری هێز کەڵك وەرگرنو بەشی خۆیان بۆخۆیان بپچڕن.

لە کاتێکدا لە عێراق گرووپێکی وەکوو موقتەدا سەدر دەتوانێ بە کەڵك وەرگرتن لە هێز ئەمریکا بهێنێتە سەر ئەو قەناعەتە کە بۆ ڕازی کردنیو وازهێنانی لە توندوتیژی پێشنیار بکا، لە



پارێزگای نەجەف حکوومەتێکی خودموختار پێك بێنێ، ئەوا پێدەچوو کوردیش لەو سەروبەندەدا بە کەڵك وەرگرتن لە فاکتەری هێزو گوشارهێنان هەندێك لە داخوازییەکانی خۆی بەسەر ئەمریکاو لایەنەکانی نێو عێراق بسەپێنێ. ئەگەر لەلایەك پاساو بۆ کەڵك وەرنەگرتن لە هێز ئەوە بووبێ کە کورد ڕووبەڕووی هەڕەشەی ناوچەیی و لەشکەرکێشی وڵاتێکی وەکوو تورکیە دەبووەوە، ئەوا ئەو هەڕەشانە بەردەوام لە سەر کورد هەیەو دەبێ و تەنانەت ئەو ئەگەرەش هەیە کە لەکاتی بەرگری کردنیش دا ڕووبەڕووی وەها هێرشێك ببێتەوە. لە لایەکی دیکەوە کەڵك وەرگرتن لە فاکتەری هێز تەنیا بە مانای هێرش کردن نایەت، بەڵکوو زۆر جار دەکرێ لە چوارچێوەی هەڕەشەدا ئاکامی لێ بکەوێتەوە. کورد لەو ماوەیەدا لە فاکتەری هێز لە هیچکام لەو دوو حاڵەتەدا کەڵکی وەرنەگرتووەو ئەمریکا (وەك دەسەڵاتی یەکەم لە عێراق) و لایەنەکانی دیکەی عێراق بە دڵنیا بوون لەو نیاز پاکییەی هەرێمی کوردستان زۆر جار فشاریان خستۆتە سەر گەلی کوردو داخوازییەکانی خۆیان بەسەریاندا سەپاندووە.

هەڵسوکەوتو سیاسەتی ڕێبەرانو پارتە سیاسییە گەورەکانی باشووری کوردستان لە ساڵانی ڕابردوودا بە جۆرێك بووە وەکوو بڵێی کورد لە قۆناخی بزووتنەوەو شۆڕش بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووسو مافەکانی دەرباز بووە. هەڵسووکەوتو سیاسەتی ڕێبەرانی باشووری کوردستان زیاتر لە هەڵسووکەوتو سیاسەتی ڕێبەرانی وڵاتێکی بێکێشە دەچێ کە تەنیا لە بیری گەشەی ئابووری، پاراستنی سنوورەکانو ... دابن. ئەمە لە کاتێکدایە کە کورد لە باشووری کوردستان هەر وەکوو بەشەکانی دیکەی کوردستان هێشتا لە قۆناخی خەبات بۆ سەلماندنی مافە بنەڕەتی و سەرەتاییەکانی دایەو تەنیا جیاوازی لەگەڵ بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان لەوە دایە کە لە باشووری کوردستان هەندێك پێشکەوتنی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە، نەوەکوو وا لێك بدرێتەوە کە بزووتنەوەی کورد لێرە گەیشتووە بە ئەنجام. هەر بۆیە ڕێبەرانی کورد لەم بەشەی کوردستان نابێ لە پرەنسیپو خسڵەتەکاتی شۆڕشو شۆڕشگێڕی دوور بکەونەوەو وەکوو حیزبێکی دەسەڵاتدار لە وڵاتێکی سەربەخۆ بجووڵێنەوەو گرنگییەکی ئەوتۆ بە دەورو ڕۆڵی جەماوەر نەدەن و جەماوەرو خەڵك وەکوو سەرچاوەی هێزو ڕەوایی بزووتنەوە پاسیو بکەن.

ئەوەندەی پێوەندی بە ئامادەییو هاوبەشیی جەماوەرو خەڵك لە بزووتنەوەی کورد دا لە دوای ڕاپەڕینەوە لە باشووری کوردستان هەیە، سەرکردایەتیی کوردستان دەورو ڕۆڵی ئەوانیان فەرامۆش کردووەو لە زۆربەی کاتەکان نەیانتوانیوە یان نەیان ویستووە لەم سەرچاوە بەهێزەو لە ڕاستی دا تاکە سەرچاوەی هێزی بزووتنەوەی کورد، کەڵك وەرگرن. لەسەر سەرکردایەتیی کورد لە باشووری کوردستان پێویستە جارێکی دیکە بۆ سەرچاوەی هێزی جەماوەر بگەڕێتەوەو بە وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری بەردەوام و چالاك گوشار بخاتە سەر لایەنەکانی بەرامبەریو دەنگی مافخوازانەی خۆی نە وەك حکوومەت بەڵکوو وەکوو گەلێکی ماف پێشێل کراو، گەلێك کە لەبەردەم هەڕەشەدایە، بە ڕای گشتی جیهان بگەیەنێو لەم ڕێگەیەوە دەوڵەتانی دیکە نەك لەسەر ئەساسی بەرژەوەندی، بەڵکوو لەسەر ئەساسی ڕەوایی بزووتنەوەکە ناچار بە پشتیوانی لە خۆی یان لانی کەم دانان بە مافەکانی دا بکا.

پیلانە یەك لەدوای یەکەکانی ئەم دوایانە لە دژی گەلی کورد کە بە پەسند کردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە ٢٢ی تەمووز دا دەست پێ دەکاو دواتر لە حەوتووەکانی داهاتوودا لەژێر ناوی چەسپاندنی یاساو ئۆپێراسیۆنی مزگێنی خێر لە پارێزگای دیالە هێز ڕەوانەی شارە کوردستانییەکان دەکرێ، هەروەها لێدوانو هەڵوێستەکانی ئەم دوایانەی باڵە جۆراوجۆرەکانی عەرەبی شیعەو سوونی لە دەوڵەتی عێراق دا بە دژی گەلی کوردو بێدەنگی قوولی وڵاتە یەکگرتووەکانو ئەو دراوسێیانەی کە بە چووکەترین ڕووداو لە عێراق دا هەستیارنو دەستێوەردان دەکەن، هەموو لەسەر یەك ئاماژەیەکن بەوەیکە پرۆسەی درووست کردنی عێراقی نوێ، کە بڕیار بوو عێراقی دێموکرات، فیدراڵو یاسا سەروەر بێ، ڕوو لە شکستە. هەڵوێستو سیاسەتە جیاوازەکانی نێو عێراقو تەنانەت هەڵوێستی وڵاتانی خاوەن بەرژەوەندی دەرەکی لە عێراق ئەوەمان پێدەڵێن کە وا دیارە بوونی وەها عێراقێك جگە لە بەرژەوەندی کورد نەبێ، بەرژەوەندی هیچ لایەنێکی دیکەی تێدا نییە. هەر بۆیە هەموو ئاماژەکان ئەوەمان پێدەسەلمێنن کە پرۆسەی سیاسی عێراقی نوێ، بەرە بەرە بەرەو لەبارچوون دەچێو مەترسی ئەوەش هەیە کە ئەو وڵاتە ڕەوتی گەڕانەوە بۆ دواوە واتە حوکمی دیکتاتۆری بەڵام ئەمجارەیان بە باڵادەستی عەرەبی شیعە هەنگاو بنێ.

دوایین لێدوانی نوری مالکی سەبارەت بە کێشەی خانەقینو ڕەوانە کردنی هێزی سوپای عێراق بۆ ئەو دەڤەرەو دەرکردنی هێزی پێشمەرگە لە هێڵی شین ئەوە بوو کە : " من بۆ چەسپاندنی یاسا لە سنووری بەسرە ئامادە بووم هەموو هاوپەیمانێتییەکان هەڵوەشێتەوە، ئێستاش ئامادەم بۆ چەسپاندنی یاسا لە پارێزگای دیالەو هەر ناوچەیەکی دیکەی عێراق پشت لە هەر هاوپەیمانێتییەك بکەم".

ئەم لێدوانەی مالکیو لێدوانە هاوشێوەکانی ڕێبەرانی دیکەی عەرەبی شیعە جگە لەوەیکە پێمان دەڵێن کە مالکی لەم هەنگاوەیدا بە پشتیوانی زۆر لایەنی دیکە پشت ئەستوورە، لە هەمان کاتدا ئاماژەیەکن بەوە کە عەرەبی شیعە دەیەوێ لەسەر حیسابی کۆدەنگییەك کە بە دژی گەلی کورد لە ئارادایە، کۆتایی بە پرۆسەی سیاسی عێراقی نوێو دێموکراسییە تەوافوقییەکەی بێنن. دێموکراسی تەوافوقی لە عێراق دا وەکوو پرۆژەی کوردەکان چاوی لێدەکرێو لە ڕاستی دا تەنیا داکۆکیکاری ئەم شێوە دێموکراسییە هەر کوردەکانن. بەڵام شیعەکان بە حوکمی زۆرینە بوونیانو ئەو بەریانەی کە دەیەوێ دوو پێکهاتەکەی دیکەی عێراق واتە عەرەبە سونییەکانو کوردەکان لە پەراوێز بخەن، ئەم شێوە دێموکراسییە بە کۆسپ لەبەردەم جێبەجێکردنی پرۆژەکانی خۆیان دەبینن.

لە کۆتایی دا ماوەتەوە بڵێین سەرکردایەتیی کورد لە باشووری کوردستان پێویستە جارێکی دیکە بەسەر سیاسەتەکانی خۆیاندا بچنەوەو بەپێی ئەو وتە باوەی کە باشترین جۆری بەرگری کردن، هێرش کردنە، لە ڕێگەی کەڵك وەرگرتن لە هەردوو فاکتەری هێزو هاوبەشی دانی جەماوەر فشارەکانی خۆیان بۆ سەر دەسەڵاتی بەغداو دەسەڵاتی ئەمریکاو هاوپەیمانانی چڕ بکەنەوەو نابێ چی دیکە لەوە زیاتر چاوەڕوانی تێپەڕبوونی کات بن، چوونکە لە چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێراوەکانی کورد لە عێراق کات کوشتن، سیاسەتو بەرنامەی لایەنە دژبەرەکانی کوردە.

## پانۆراما

### سەرۆکی پێشووی پۆلیسی دیاربەکر لەلایەن "ژیتەم"ەوە تیرۆر کراوە

ماڵپەڕی "تودەی زەمان"ی تورکی ئاشکرای کرد کە "ژیتەم" یەکێك لە لقەکانی دەزگای هەواڵگری تورکیە (میت) دەستی لە تیرۆری "ئۆکان" سەرۆکی پێشووی پۆلیسی دیاربەکردا هەبووە. تودەی زەمان بۆ پشتڕاست کردنەوەی هەواڵەکە پشتی بە دانپێدانانی ئەندامێکی پێشووی pkk کە دواتر بووەتە ئەندامی ژیتەم بەستووە.

جێی وەبیر هێنانەوەیە پێشتر حیزبوڵڵای تورکیە بە دەست تێدابوون لەم تیرۆرە تۆمەتبار کرابوو و یەکێك لە ئەندامانی حیزبوڵڵا بە ناوی "مەهمەت فیدانچی" بەو تاوانە لە لایەن دادگای تورکیەوە زیندانی هەتاهەتایی بۆ براوەتەوە.

حیزبوڵڵای تورکیە لە ساڵەکانی ١٩٨٠ بۆ بەربەرەکانێ دژی پارتی کرێکارانی کوردستان لە لایەن "میت"وە دامەزرا و سەدان هاووڵاتیی کوردی باکووری کوردستان کە گومانی پێوەندی لەگەڵ pkkیان لێدەکرا لە لایەن ئەم گرووپەوە کوژراون.

### تاڵەبانی و بارزانی هەڵوێستی خەڵکی خانەقین بەرز دەنرخێنن

جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق و مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە جیا و لە پێوەندییەکی تەلەفوونی دا لەگەڵ مەلابەختیار نوێنەری سەرۆکی هەرێم لە خانەقین، هەڵوێستی دانیشتوانی خانەقین بە جوامێرانە وەسف دەکەن و بەرزی دەنرخێنن.

تاڵەبانی و بارزانی بە بۆنەی ڕێکەوتنی نێوانی حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی عێراق بۆ کشانەوەی هێزەکانی سوپای عێراق لە خانەقین و کۆتایی هاتن بە ئاڵۆزییەکانی چەند ڕۆژی رابردوو پیرۆزباییان لە خەڵکی ئەو شارە کرد و داوایان لە مەلا بەختیار کرد کە سڵاوی بێپایانیان بگەیەنێتە جەماوەری شاری خانەقین کە هەردەم خاوەنی هەڵوێستی جوامێرانە و نموونە پێکەوەژیانی ئاشتیانە بوون.

### ئامینە ئاینا: شەڕی pkk و تورکیە وەك شەڕی نامووسی لێهاتووە و بێ ئەنجامە

ئامینە ئاینا هاوسەرۆکی پارتی کۆمەڵگای دێموکراتیك سەبارەت بە شەڕی نێوان تورکیە و pkk ڕایگەیاند کە ئەو شەڕە وەکوو شەڕی نامووسی لێهاتووە و هیچ ئەنجامێکی لێناکەوێتەوە. ئاینا هەروەها ڕایگەیاند چارەسەری پرسی کورد لە تورکیە تەنیا لە ڕێگەی دیالۆگ و وتووێژ لە نێوان دەوڵەت و pkkوە دەکرێ. لەلایەکی دیکەوە ئیلکەر باشبوغ سەرۆکی نوێی ئەرکانی سوپای تورکیە ڕایگەیاند کە تورکیە ئامادەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکوو واقعێکی سیاسی قەبووڵ بکات، بەڵام بە مەرجێك کە ئەوان ئامادەبن لە دژی pkk شەڕ بکەن و هیچ زیانێك بە بەرژەوەندیی تورکمانەکان لە عێراق دا نەگەیەنن.

### ١٣٩ ئەفسەری کورد لە موسڵ ڕەوانەی ڕۆمادی دەکرێن و عەرەب جێگەیان دەگرێتەوە

لە درێژەی فشارەکانی ئەم دوایانەی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق بۆ سەر کورد، لە موسڵ ١٣٩ ئەفسەری کورد بەرەو ڕۆمادی دەگوازرێتەوە و بە جێگەیان ئەفسەری عەرەب دادەنرێن. لەوبارەیەوە ماڵپەڕی ڕێنساس لە سەر زاری عەمید نورەدین فەرماندەی لیوای ٨ی سوپای عێراق بڵاوی کردوە کە ئەو ١٣٩ ئەفسەرە کوردە بە بڕیاری وەزیری بەرگری عێراق و ئاگادارییی نوری مالکی گۆازرانەوە بۆ ڕۆمادی. عەمید نورەدین هەروەها ڕایگەیاند ئەو بڕیارەو بڕیارە هاوشێوەکانی دیکە بۆتە هۆی نیگەرانیی ئەفسەرە کوردەکانی نێو سوپای عێراق و بە پیلانێکی دەزانن کە لە دژی گەلی کورد بەڕێوە دەچێ.

# دەمڕاستەکانی خەباتی مەدەنی بۆچی بێدەنگن؟

## یادداشتی زیندانیانی مانگرتووی کورد


### کۆمیتەی پشتیوانی لە مانگرتن لە خواردنی زیندانییە سیاسی و مەدەنییەکانی کورد (١)

و: تەها رەحیمی

دە رۆژ بە سەر مانگرتنی گشتیی ئێمە زیندانیانی سیاسیی کورد لە گرتوخانەکانی ڕێژیم دا رادەبرێ.

لە ماوەی ئەو دە رۆژەدا زۆربەی زیندانییە سیاسییە کوردەکان لە تاران، سنە، ورمێ، مەهابادوە سەقز هاتوونەتە ریزی مانگرتووانەوەو زیاتر لە ١٠٠ کەس لە حالّی مانگرتن دان. ئەو مانگرتنە نیشانەی تەواوی خەباتێکی مەدەنی و ئاشتیخوازنەیە کە خەباتگێڕان بۆ گەیشتن بە مافەکانیان هەڵیانبژاردوە، نیشانەی تەواوی فیداکاری و لەخۆبوردوویی مرۆڤگەلێکی فیداکارە کە لە ڕێگەی ئامانجەکانیان دا، ئێش و ئازاری جەستەی خۆیان لە بیر چۆتەوە، راست ئەو فیداکارانەی تا دوێنێ لە ژێر وەحشیانەترین و توندوتیژترین ئەشکەنجەدا بوون و ئەمڕۆش دژواریی ئازاری مانگرتن لە خواردنیان قبووڵ کردوە.

لە ماوەی ئەو دە رۆژەدا ژمارەیەك لە حیزب و دامەزراوە کوردستانییەکانەوە پشتیوانی گەلێکیان لەم مانگرتنە کردوەو هێندێك لە حیزبەکان بە دەرکردنی راگەیەنراوێك قەناعەتیان کردوەو ژمارەیەکی دیکە لە ڕێکخراوو دامەزراوەکانیش چالاکانەتر پشتیوانیی خۆیان دەربڕیوە. بەڵام لەم نێودا زۆربەی ڕێکخراوو گرووپە ئێرانییەکان لە پۆزیسیۆنەوە بگرە تا ئۆپۆزیسیۆن هیچ کارێکیان بۆ پشتیوانی کردن لەو مانگرتنە نەکردوە. گرووپە چاکسازی خوازەکان، دەفتەری تەحکیمی وەحدەت، هێزەکانی ناسراو بە میللی - مەزهەبی، رووناکبیران و چالاکانی مافی مرۆڤ دژکردەوەیەکی هەر چەند کەمیشیان لەو پێوەندییەدا نەبووە، لەو نێوەدا زۆربەی گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانیش بێدەنگ ماونەتەوە.




ئەمڕۆ کە "کوردستان بووەتە سەنگەری کۆمەڵگەی مەدەنی" دەمڕاستە خەباتی مەدەنی بۆچی بێدەنگن؟

ئەم دەمڕاستانە کە زۆر بە توندی بزاڤە نامەدەنییەکان شرۆڤە دەکەن، بۆچی ئەمڕۆ لە بەرانبەر مەدەنیترین هەڵسوکەوتی زیندانییەکانی کورد زاریان بەستراوە؟ مەگەر خۆیان بە داکۆکیکاری خەباتی مەدەنی نازانن و لایەنگری لەو شێوازە خەباتە ناکەن؟ تا ئێستا دوو کۆبوونەوەی هێمن و هێدی لە سنەو لە مەهابادیش کۆبوونەوەیەکی ئارام بۆ پشتیوانی کردن لەو مانگرتنەی زیندانییەکان بەڕێوە چووە، بەڵام ئێستاشی لەگەڵ دابێ دەمڕاستەکانی خەباتی مەدەنی قسەیەکیان بۆ پشتیوانی - تەنانەت باس کردن لە دەردو ئازاری - ئەو مانگرتنە بە زمان دا نەهاتووە. مەگەر هەر ئەو دەمڕاستانە نین ئەگەر خۆییەکانیان (ئەوانەی لە خۆیانن) دەستبەسەر دەکرێن هەموو هێزو تواناییەکانیان وەگەڕ دەخەن؟

ئەمڕۆکە کە "کوردستان بووەتە مەتەریزی کۆمەڵگەی مەدەنی" بۆچی بانگەشەکارانی دێموکراسی و مافی مرۆڤ بێدەنگن؟ لە راستیدا ئەوان نەك لە ترسان، بەڵکوو لە بەر هۆکارگەلێکی تەواو روون گوێی خۆیان لێ ئاخنیوە، ئەوان هەر کاتێك باسی کورد لە گۆڕێ دابێ، جا لە بەر هەر چیەك بێ، بە پەیمانی نەنووسراوی خۆیان لەگەڵ دەسەڵات و حاکمیەت وەفادارن و لە "هاورێکچەیی ئیدیۆلۆژیکی" لەگەڵ دەسەڵاتداران دا هەموو توانای خۆیان بە کار هێناوە تا هەر چیەك ناوی کوردو مافی کوردی پێوە دیار بێ بیخەنە پەراوێزەوە.

ئەوان هەر چۆنێك بێ لە هێنانە گۆڕێی ناوی کوردو کوردستان دەترسن و بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان داوای گەڕاندنەوەی مافەکانی خۆیانیان لێ بکەن، ئەوان دژیانن، جا خەباتەکە مەدەنی بێ یا نامەدەنی. لە بەر ئەوەیە ئەو دەمڕاستانە بێدەنگن.

١٤ی خەرمانان

# یەکگرتوویی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی و ڕێگاچارە

ئا: سۆران شێرزاد

ئۆپۆزیسیۆن بە واتای ئەو کەمینەیە کە هەوڵی ئاڵ و گۆڕی دەسەڵات و بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات دەدا، کاتێك کە دەگوترێ ئاڵوگۆری دەسەڵات مەبەست روخانی دەسەڵات و تێکڕمانێتی. بۆ رووخانی سیستمێکی دەسەڵاتدار هەر هێزێك ستراتیژو تاکتیکی تایبەتی خۆی دەگرێتە بەر. بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا روونە کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە بەرەنگاریی دەسەڵاتێکی سەرەرۆ وەك رێژیمی ئیسلامی ئەگەر خوازیاری کەڵك وەرگرتن لە تیۆری یەکگرتن - بزاڤ بێ، پێویستە هاوئاهەنگی لە نێو رەوتە جۆراوجۆرەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆن زیاتر بکرێ. ئەم وتارە تەرکیز دەخاتە سەر هۆی یەك نەگرتنی ئۆپۆزیسیۆن و تەگەرەکانی بەردەم ئەو یەکگرتنە.

١- دیارە ئێرانییەکان لە بواری کەلتووریەوە خاوەن پاشخانێکی کولتووری بەهێزن، بەڵام لەم کولتوورەدا لایەنی نێگەتیڤیش بەدی دەکرێ، کە ئەم خاڵە بێ هێزانە کاریگەرییان خستۆتە سەر ئەم مەسەلەیە وەك هۆکارێك خۆی لە خۆی دا مەسەلەی خۆ بە زلزانی و خەڵکیتر بەکەم گرتن لە خاڵە لاوازەکانی کولتووری کۆمەڵگای ئێران و هێندێك لە روناکبیرانێتی. هەلبەت دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە هۆی دەرەکی و مەسەلەی کۆلۆنیالیزمیش بێ کاریگەر نەبووە و بە شێوەیەك لە شێوەکان دەتوانین بڵێین خۆمان نەبووینەو لە سەر هێزی خۆمان حیسابمان نەکردبووە، بەڵام دەبێ بە روونکردنەوە بەهیوا خۆ بوون و بەهێز کردنی کۆمەڵگا بە ئیرادەی خۆی لە راستای رزگاری لە وەزعییەتی ئێستادا ئەم دۆخە گۆرانی بە سەردا بێت.

٢- هەژار بوون لە بواری فکری و نەبوونی فکرییەتێکی بە هێزی رادیکال و لیبرال . بەداخەوە بەشی هەرەزۆری هێزی ئۆپۆزیسیۆن بە دژایەتی خومەینی لەگەڵ ئامریکا هەلفریواو خومەنییان بەدژی ئیمپریالیزم لەقەڵەم داو لە بەر یەك هەڵوەشانەوەی ئۆردوگای سوسیالیزم و رووهێنانی هیندێك لە هێزە چەپەکانی لە ئاستی دەوڵەت بۆ لای سەرمایەداری هێزە چەپەکانی تووشی کێشەیەکی گەورە کرد. دیارە هێزە چەپەکان بە داخەوە ئایدیالە دوگمەکانیان وەدەرکرت و هەرجۆرەگۆڕانێك یان ریفۆرمێك لە ئیدئۆلۆژی دا بە مانای لادانی لە سوسیالیزم دەزانی لەگەڵ ئەوەیکە مارکس کە خزمەتێکی گەورەی بە سوسیالیزم کردووە قەت بروای وانە بووە کە نابێت ئاڵ و گۆرو ریفۆرم لە سوسیالیزم دا بکرێت



هەمووشتێکی بەرەش یان سپی نەدەیت واتا ئەوەی پێی دەڵێین (مطلق گرایی ) بەڵام لە ئۆردوگای چەپ دا ئالترناتیف یان بە دیلێك نەهاتە ئاراوە، دیارە هێندێك لە هێزەچەپەکان رووپانکردە بیرۆکەی سوسیال - دیموکراتی و لیبران دێموکراتی و سوسیالیزمی دێموکراتێك بەواتا و خویندنەوەیەکی نوێ دیارە هەتاکوو ئێستا ئایدیایەکی بە جۆرێك کە سەیتەرەی هەبێت بە سەر ئایدیاکانی ترو خەڵکی لە دەوری خۆی کۆکربێتەوە نابینرێ.

دیارە هەتا ئێستا گفتوگۆ ودیالۆگ و باس زۆرکراوە بەڵام بەداخەوە هەتاکو ئێستا بەرهەمێکی لێ نابیندرێ دیارە پرش و بلاوی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بەم زووانە پێشبینی هاوکاریەکی ئەوتۆ ناکرێت.

ــ کۆن بوون و پاسیڤ بوونی ئۆپۆزیسیون، بەشێك لە توێژەرانی سیاسیی ئێران لە سەر ئەو باوەڕەن کە هۆکاری سەرەکیی پێك نەهاتنی بەدیلێکی بەهێز لە بەرامبەر رژێمی دەسەڵاتدار، پاسیڤیزم هەڵخولان لە دەوری عەقلییەتی ٣٠ ساڵ لەوە پێشە. روانگەی پارادوکسیکال و دەمارگرژی ئیدئۆلۆژیك و دابڕانی لە کۆمەڵگای ئێران وایکردوە، کە ئەم هێزانە چ لە بواری هەلوێست گرتن دا و چ لە بواری خوێندنەوەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگای هەنووکەیی ئێران تووشی سەر لێشێواوی بن.

## پەیڤ

# شەهیدانی گردێنە
## دژی خەباتی مەدەنی نەبوون

سامان فەقێنەبی

رووداوی شەهید بوونی سێ شۆڕشگێڕی دێموکرات لە رۆژی ٢٣ی گەلاوێژ لە دۆڵی گردێنەی ناوچەی سەردەشت، بۆ ئەو کەسانەی کە لە ناخی رووداوەکەدا بوون، کاریگەریی سایکۆلۆژی و جیاوازییەکی بەرچاوتری بە بەراورد لەگەڵ خەم و پەژارەی باقیی هاورێیانی حیزبییەوە هەیە. ئەم نووسینە هەلسەنگاندنێکی کورتی ریبازو تایبەتمەندییە شۆڕشگێڕییەکانی ئەم سێ هاوڕێ نەمرەیەو هەرچەند هەوڵ دراوە کە ئەم نووسینە کورتە لە ئیحساس گەرایی و گڕسانی رق و کینە بە دوور بێو لەودا پتر ئاماژە لە سەر شێوە روانینێکی ئەم سێ شەهیدە بە نیسبەت شۆڕش و خەباتەوە بکرێ، بەڵام بەو حاڵەش مرۆڤ ناتوانێ کە بە تەواوەتی خۆی لە ژێر کاریگەریی سایکۆلۆژیو عاتیفی رووداوەکان بدزێتەوەو تەنیا لە رەهەندێکی عەقلانییەوە ئاستی لەخۆبوردوویی و شەیدابوونی ئەم شەهیدانە بە رزگارییو مرۆڤایەتی بنرخێنێ.

حاشاهەلنەگرە کە فەلسەفەی شۆڕش و لۆژیکی زاڵ بە سەر ئەم شەهیدانەدا ئاوێتەیەك بوو لە عەقلانییەت و ئیحساس گەرایی، چونکە بە بڕوای من بەرسڤی فەلسەفیو هەروەها پاڵنەرو بزوێنەری سەرەکی چوونی ئەم شەهیدانە بۆ نێو زاری رێژیمێکی پڕ چەك و دڕندە ناکرێ تەنیاو بە شێوەیەکی ئابستراکت (مجرد) لە عەقڵ گەراییدا بدۆزینەوە. فەلسەفەی خەبات لەلای ئەم نەمرانە بریتیی بوو لە تێکۆشان لە پێناو دەستەبەرکردنی داهاتوویەکی روون بۆ کۆمەڵگاو پارێزگاری لە شوناسی نەتەوەیی گەلێکی ژێردەست، هەر لەو پێناوەداو لە خەڵوەت و بێدەنگیی زاڵ بە سەر دۆڵی گردێنەدا گیانی خۆیان کرد بە تێچووی ئەم بەها مرۆڤانەیەی کە بە شوێنیاندا دەگەڕان.

پێویستە بگوترێ روانگەیەکی پراکسیسی هەردەم باڵی بەسەر هەزرو بیرکردنەوەو پرۆژەکانی شەهیدانی گردێنەدا کێشابوو و لە یاریکردن بە تیۆریو چەواشەکردنی راستییەکان بێزارییان دەردەبڕیو لەو وێناسازیی درۆیین و فانتازییای شێوە رووناکبیرانە کە بە داخەوە ئەمڕۆکە تارادەیەك باوە بێزار بوون.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژەیەك بەو جۆرە کەسانە بکرێ کە لە دوای ئەو رووداوە، حوزووری فیزیکی پێشمەرگەو گیانفدایی شەهیدانی گردێنەیان بە تێکدانی فەزای ئارامی هەنووکەییو لەمپەردانان لە بەردەم خەباتی مەدەنی لە رۆژهەلاتی کوردستان لە قەڵەم داوە! لە نووسینی ئەم کەسانەدا وادەردەکەوێ کە گوایە تێزێکی نوێیان دۆزیوەتەوە کە حوزووری فیزیکی ئۆپۆزیسیۆن لە نێوخۆی وڵات، فەزا میلیتاریزە دەکاو بیانوو دەداتە دەست رێژیم کە فشار بۆ سەر چالاکڤانانی مەدەنی زیاتر بکا. لەم بارەیەوە پێویستە بڵێین یەکەم، زۆربەی ئەم بانگەشانە لەلایەن کەسانێکەوە دەکرێ کە روون نییە بە چ هۆکارێك فەزای ئارام و خەبات لە بواری مەدەنیيان لە رۆژهەلاتی کوردستان جێهێشتووە و لە دەرەوەو لە تاراوگەڕا قاوقیژیان وەرێ خستوەو فرمێسکی تیمساح بۆ چالاکانی مەدەنی لە نێو خۆی وڵات هەڵ دەرێژن! دووەم، خەباتی مەدەنی لە کەشوهەوایەکی لانیکەم شێوە دێموکراتیك دا دەرەتانی گەشەو بوون بە بزاڤێکی رێکخراوو جەماوەری پەیدا دەکاو لە حاڵەتی پچڕپچڕو غەیرە سیستماتیك و داخراو دێتە دەر. کە ئەمەش لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی تیۆکراتیك و توتالیتەی وەکوو رێژیمی ئیسلامیی ئێران بە شتێکی ئاستەم لەقەڵەم دەرێو پەرچەکرداری رابردوو سەلماندوویەتی کە دڕندەیی رێژیمی ئیسلامی لە هەمبەر ویستە مرۆیانەکانی خەڵکی کوردستان پێوەندییەکانی ئەوتۆی بە کردەوەی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتەوە نییە. سێهەم، سەرەڕای هەموو ئەمانە ئۆپۆزیسیۆنی کورد لەم ساڵانەی دواییدا چ لە بواری راگەیاندن (پوشش خبری)و چ لە بواری دیپلۆماسیو دەرخستنی تێکۆشانی چالاکڤانانی مەدەنی لە دەرەوەی وڵات و چ لە بواری بەستێن سازیی زەینی لە نێو خەڵکی کوردستان دا بۆ پشتگری کردن لە چالاکانی مەدەنی لە هیچ هەولێك درێغیان نەکردوە. چوارەم، ئەزموونی خەباتی نەتەوایەتی لە زۆر شوێنی جیهان نیشانی داوە کە خەبات و تەنانەت دیفاعی چەکداریی ئۆپۆزیسیۆن و تێکۆشانی چالاکڤانانی مەدەنی ئەگەر هاوئاهەنگی هەبێ، تەواوکەری یەکتر دێتە ئەژمارو هەرکام لەو شێوازانەی خەبات دەتوانێ وەکوو کارتی فشار بۆ سەر دەسەڵاتی داگیرکەر کەڵکی لێوەر بگیرێ.

لە کۆتاییدا تەنیا خالێك کە مابێ ئاماژەی پێ بکرێو بە وردبینییەوە سەیری بکەین، بریتییە لە لێبووردەیی شۆڕشگێڕانەی ئەم پۆلە شەهیدە بە نیسبەت جاش و بەکرێگیراوانی رێژیم، کە بە داخەوە هەر لەلایەن ئەو بەکرێگیراوە خۆولاتیانەوە لەداو کەوتن و شەهید کران. بۆیەش لە نێو خەڵکی کوردستان دا پێیان دەگوترێ جاش و خائین، چونکە هۆکاری هاوکاریی ئەم کەسانە لەگەڵ رێژیمی تاران نە لایەنی هزریو مەعریفی لە خۆ دەگرێو نە لە ئەنجامی باوەرمەندی بە بنەمایەکی ئایینیو مێتافیزیکی هاتۆتە ئاراوە، ئەمانە کەسانێکن کە ئایدیالەکانی نێو مێشکی بۆگەنیان، تەنیا لە نۆکەری زیاتر بۆ داگیرکەر و دژایەتی لەگەڵ بەها مرۆییەکاندا کورت دەبێتەوە.

# كۆتایی لیبرالیزمی نوێ ؟

نووسینی:جۆزێف ئی.ستیگلیتز
و. له ئینگلیزی یه‌وه: كه‌ماڵ حه‌سه‌نپوور.

نیویۆرك ـ دونیا به‌رامبه‌ر به لیبرالیزمی نوێ به روحم نه‌بووه، ئه‌و هه‌مبانه له بیرۆكه‌كان له سه‌ر ئه‌و باوه‌ڕه كوێره بڕواییه دامه‌زراوه كه بازار خۆڕاسكه‌ره‌وه‌یه، به‌شێوه‌یه‌كی كاریگه‌ر سامانه‌كان ته‌رخان ده‌كا و به‌باشی خزمه‌ت به به‌رژه‌وه‌ندیی گشتی ده‌كا . ئه‌وه ئه‌و كوێره‌بڕواییه به بازار بوو كه بناغه‌ی تاچێریسم، سیاسه‌تی ئابوریی رۆناڵد ریگان ( Reganomics) و "رێككه‌وتنی واشینگتۆن " له‌پێناو به‌تایبه‌تی كردن، لیبرالیزه كردن و سه‌ربه‌خۆیی بانكی ناوه‌ندیی بۆ جه‌خت كرن له‌سه‌ر كۆنترۆڵی هه‌ڵاوسانی پێك ده‌هێنا .

له‌ماوه‌ی چاره‌گه سه‌ده‌یه‌ك له‌نێو وڵاتانی روو له گه‌شه‌دا پێشبڕكێیه‌و دۆڕاوه‌كان ئاشكران: ئه‌و وڵاتانه‌ی كه‌دوای سیاسه‌تی نوێ رلیبرالی كه‌وتن

**ئه‌و تێكه‌ڵاوییه‌ی بانگه‌شه‌ی بازاری ئازاد و ده‌ست تێوه‌ردانی ده‌وڵه‌ت به تایبه‌تی له وڵاتانی رووله گه‌شه‌دا ئاسه‌واری خراپی هه‌بووه. ئه‌وان پێیان گوترابوو كه‌ده‌ست خستنه نێو كه‌رتی كشتوكاڵ رابگرن، به‌و شێوه‌یه وه‌رزێره‌كانیان تووشی پێشبڕكێی ماڵوێرانكه‌ر له‌گه‌ڵ وه‌رزێرانی ئه‌مریكایی و ئورووپایی كرد**

نه‌ك هه‌ر پێشبڕكێی گه‌شه كردنیان دۆڕاند كاتێك كه‌گه‌شه‌یان كرد، سووده‌كان به‌شێوه‌یه‌كی لاسه‌نگ له لای ئه‌وانه‌ی كه له لوتكه‌ی ده‌سه‌ڵات دابوون كۆبونه‌وه .

ئه‌گه‌رچی نوێ لیبراله‌كان نایان هه‌وێ دانی پێدابنێن به‌ڵام ئیدئۆلۆژیی ئه‌وان له‌تاقیكارییه‌كی تریش شكستی هێناوه. هیچ كه‌س ناتوانێ بانگه‌شه‌ی ئه‌وه بكا كه ناونده بازرگانییه‌كان كارێكی نایابیان له‌دابه‌ش كردنی سامانه‌كان له‌كۆتایی نه‌وه‌ده‌كانی زایینیدا، به ته‌رخان كردنی ٩٧ ٪ی وه‌به‌رهێنانه‌كان له فیبری نووری كه‌چه‌ندین ساڵ ده‌خایه‌نێ تا رووناكاییه‌ك ببینین، كرد.

به‌ڵام لانی كه‌م ئه‌و هه‌ڵه‌یه سوودێكی بێ ئانقه‌ستی هه‌بوو: له‌گه‌ڵ دابه‌زینی نرخی كه‌لوپه‌لی راگه‌یاندن، هیندوستان و چین زۆرتر هاتنه نێو ئابووریی جیهانییه‌وه . به‌ڵام دیتنی ئه‌م جۆره سووده له ته‌رخان كردنی سه‌رمایه‌ی به‌رچاو له خانووسازیدا دژواره. له كاتێكدا كه ملیۆنان بنه‌ماڵه له ماڵه‌كانیان ده‌رده‌كرێن خانووی نوێ كه بنه‌ماڵه‌كان توانای كڕینیان نیه وێران ده‌كرێن و له هه‌ندێك ناوچه ده‌وڵه‌ت ناچاربووه بۆ گواستنه‌وه‌ی پاشماوه‌كان هه‌ڵوێست بگرێ. له شوێنی تر هه‌مان گیروگرفت له‌ته‌شه‌نه كردن دایه به‌و شێوه‌یه ته‌نانه‌ت ئه‌و كه‌سانه‌ی كه هاوڵاتیی نموونه‌یی بوون، به وریایی پاره‌یان قه‌رز كردووه و خزمه‌تی خانووه‌كانیان كردووه، ئیستا ده‌بینن كه بازاڕ نرخی خانووه‌كانیانی تاراده‌یه‌ك دابه‌زاندووه كه چاوه‌روانیانی شتی وایان له‌خراپترین مۆته‌كه‌كان نه‌ده‌كرد.

بێگومان وه‌به‌رهێنانی له‌راده‌به‌ده‌ر له خانووبه‌ره دا هه‌ندێك سوودی كورتخایه‌نی هه‌بوو: هه‌ندێك ئه‌مریكایی (ره‌نگه ته‌نیا بۆ چه‌ند مانگ) له خۆشی خاوه‌ن خانوو بوون و ژیان له ماڵێكی گه‌وره‌تر دا شاد بوون. به‌ڵام به چ نرخێك بۆ خۆیان و بۆ ئابووریی جیهان به ملیۆنان خه‌ڵك كاتێك كه خانووه‌كه‌یان له كیس ده‌ده‌ن، پاشه‌كه‌وتی ژیانی خۆشیان



له‌كیس ده‌ده‌ن و داگیر كردنی خانووی ئه‌و كه‌سانه‌ی كه توانای دانه‌وه‌ی قه‌رزه‌كانیان نیه (له‌لایه‌ن بانكه‌كانه‌وه) ئابووریی جیهانی خستۆته دۆخێكی نزمه. هاوڕایی له مه‌ڕ پێشبینیی داهاتووی ئابووریی جیهانی رووله زیاد بوونه: ئه‌و دۆخه نزمه ئابورییه درێژخایه‌ن و به‌ر بڵاو ده‌بێ.

بازاڕ ئێمه‌ی بۆ گرانیی نرخی نه‌وت و خواردنه‌مه‌نییش ئاماده نه‌كرد. دیاره هیچكام له كه‌رته‌كان نموونه‌ی ئابووریی بازاری ئازاد نین، به‌ڵام ئه‌وه به‌شێك له مه‌به‌ستی منه: ره‌وانبێژیی بازاری ئازاد به‌شێوه‌یه‌كی بژێره‌یی كه‌ڵكی لێوه‌رگیراوه، له‌و شوێنانه‌ی كه له خزمه‌ت به‌رژه‌وه‌ندیی تایبه‌تی دابێ له‌باوه‌ش گیراوه و كاتێك وا نه‌بووه ره‌ت كراوه‌ته‌وه.

ره‌نگه یه‌كێك له ره‌وشته دگمه‌نه باشه‌كانی ده‌وڵه‌تی جۆرج ده‌بلیو بووش ئه‌وه بێ كه له‌م ده‌وڵه‌ته دا بۆشایی نێوان ره‌وانبێژی وراستی له چاو سه‌رده‌می رۆناڵد ریگان كه‌متره. له ته‌واوی ئه‌و ماوه‌یه‌ی كه ریگان باسی بازرگانیی ئازادی ده‌كرد، ئازادانه كۆسپی له سه‌ر رێگای بازرگانیی ئازاد داده‌نا، ئه‌وه سنووردانانه به‌دناوه" خۆویسته‌كه‌ی" سه‌ر هه‌نارده‌ی ئوتۆمبێلیش ده‌گرێته‌وه.

سیاسه‌تی بووش خراپتر بووه، به‌ڵام راده‌ی خزمه‌تی ئاشكرای ناوبراو به ناوه‌نده‌كانی به‌رهه‌مهێنانی

چه‌ك وچۆڵه سه‌ربازییه‌كانی زۆر بێ په‌رده‌تر بووه. ته‌نیا جارێك كه ده‌وڵه‌تی بووش سه‌وز بوو ئه‌ویش كاتێك بوو كه سوبسیدی بۆ ئیتانۆل، كه سوودی بۆ ژینگه جێگای شك و گومانه، په‌سه‌ند كرد. شێواویی له بازاری وزه (به‌تایبه‌تی له رێگای سیستمی باجه‌وه) درێژه‌ی هه‌یه و ئه‌گه‌ر بووش بیتوانیبا ده‌رباز بێ، بارودۆخ زۆر خراپتر ده‌بوو.

ئه‌و تێكه‌ڵاوییه‌ی بانگه‌شه‌ی بازاری ئازاد و ده‌ست تێوه‌ردانی ده‌وڵه‌ت به تایبه‌تی له وڵاتانی رووله گه‌شه‌دا ئاسه‌واری خراپی هه‌بووه. ئه‌وان پێیان گوترابوو كه‌ده‌ست خستنه نێو كه‌رتی كشتوكاڵ رابگرن، به‌و شێوه‌یه وه‌رزێره‌كانیان تووشی پێشبڕكێی ماڵوێرانكه‌ر له‌گه‌ڵ وه‌رزێرانی ئه‌مریكایی و ئورووپایی كرد. ره‌نگه وه‌رزێره‌كانیان بیانتوانیبا له‌گه‌ڵ وه‌رزێرانی ئه‌مریكایی و ئورووپایی پێشبڕكێ بكه‌ن، به‌ڵام ئه‌وان نه‌یانده‌توانی له‌گه‌ڵ سوبسیده‌كانی ئه‌مریكا و یه‌كیه‌تیی ئورووپا پێشبڕكێ بكه‌ن. بۆیه سه‌یر نه‌بوو كه وه‌به‌ر هێنان له كه‌رتی كشتوكاڵ له وڵاتانی رووله گه‌شه دا كه‌م بۆوه وبۆشایی خوارده‌مه‌نیی په‌ره‌ی ئه‌ستاند.

ئه‌و كه‌سانه‌ی كه ئه‌و ئامۆژگارییه هه‌ڵه‌یه‌یان بڵاو ده‌كرده‌وه پێویست ناكا نیگه‌رانی دانی هه‌ڵه بن. نرخه‌كه‌ی ده‌بێ خه‌ڵكی وڵاتانی روو له گه‌شه بیده‌ن، به

تایبه‌ت هه‌ژاره‌كان. ئه‌و ساڵ ئێمه شاهیدی چوونه‌سه‌ری رێژه‌ی هه‌ژاری ده‌بین، به‌تایبه‌تی ئه‌گه‌ر به دروستی پێوانه بكرێ. به‌شێوه‌یه‌كی ساكار، له جیهانی فره‌یی، ملیۆنان كه‌س له وڵاتانی روو له گه‌شه دا ئێستاش توانای دابین كردنی لانیكه‌می پێویستیی خوارده‌مه‌نی وزه‌به‌خشیان نیه.

له زۆر وڵاتان، گرانی خوارده‌مه‌نی و سووته‌مه‌نی ئاسه‌وارێكی ماڵوێرانكه‌ری له سه‌ر چینی هه‌ژار ده‌بێ، چونكه ئه‌و به‌رهه‌مانه به‌رده‌وام به‌شێكی به‌رچاو له خه‌رجی ئه‌وان پێك ده‌هێنن.

تووڕه‌یی له سه‌رانسه‌ری جیهان ئاشكرایه. بۆیه هیچ سه‌یر نیه كاتێك كه به‌شی زۆری ئه‌و تووڕه‌ییه به‌ره‌وڕووی ئه‌و كه‌سانه ده‌بێته‌وه كه به‌مه‌به‌ستی سوودی خێرا بازرگانی به‌و به‌رهه‌مانه‌وه ده‌كه‌ن. ئه‌وانیش له وڵام دا ده‌ڵێن: ئێمه هۆی دروست بوونی ئه‌و گیروگرفته نین، ئێمه ته‌نیا خه‌ریكی " دۆزینه‌وه‌ی نرخین"، به واتایه‌كی تر، دۆزینه‌وه، ئیتر ئه‌وساڵ بۆ چاره‌سه‌ری گیرو گرفته‌كه ده‌رنگ بووه، چونكه قاتی و قرییه.

به‌ڵام ئه‌و وڵامه فرتوفێڵاوییه. چاوه‌روانیی چوونه‌سه‌ری نرخ و ناسه‌قامگیریی نرخه‌كان سه‌دان ملیۆن وه‌رزێڕ هان ده‌دا وریاتر هه‌ڵسوكه‌وت بكه‌ن. ئه‌گه‌ر ئه‌وان ئه‌مرۆ به‌شێك له دانه‌وێڵه‌كه پاشه‌كه‌وت بكه‌ن ره‌نگه پاشان بتوانن پاره‌ی زیاتر په‌یدا بكه‌ن، به‌ڵام ئه‌گه‌ر ئه‌و كاره نه‌كه‌ن، ئه‌گه‌ر به‌رهه‌می ساڵی داهاتوو كه‌متر بێ ئه‌وان توانای كڕینی دانه‌وێڵه‌یان نابێ. كه‌مێك دانه‌وێڵه كه له لایه‌ن سه‌دان ملیۆن وه‌رزێڕ له سه‌رانسه‌ری جیهان ده‌ره‌وه‌ی بازاڕ ده‌مێنێته‌وه و ده‌بێته كۆیه‌كی به‌رچاو.

داكۆكیه‌كه‌رانی كوێره‌بڕوایی بازاڕ ده‌یانه‌وێ شكستی بازاڕ وه‌ك شكستی ده‌وڵه‌ت بنوێنن. له به‌رپرسێكی پایه‌به‌رزی چینی ده‌گێڕنه‌وه كه گوتوویه‌تی پرسه‌كه ئه‌وه‌یه كه ده‌وڵه‌تی ئه‌مریكا ده‌بوو هه‌وڵی زۆرتری بۆ یارمه‌تیدان به چینی كه‌م داهاتی ئه‌مریكایی بۆ دابین كردنی خانوو دابا. منیش له سه‌ر ئه‌و باوه‌ڕه‌م. به‌ڵام ئه‌وه راستییه‌كه ناگۆڕێ. بانكه ئه‌مریكاییه‌كان به‌شێوه‌یه‌كی زۆر زه‌ق له هه‌ڵسه‌نگاندنی مه‌ترسیدا ناكارامه بوون كه

**ئه‌وه ئه‌و كوێره‌بڕواییه به بازار بوو كه بناغه‌ی تاچێریسم، سیاسه‌تی ئابوریی رۆناڵد ریگان ( Reganomics ) و "رێككه‌وتنی واشینگتۆن " له پێناو به‌تایبه‌تی كردن، لیبرالیزه كردن و سه‌ربه‌خۆیی بانكی ناوه‌ندیی بۆ جه‌خت كرن له‌سه‌ر كۆنترۆڵی هه‌ڵاوسانی پێك ده‌هێنا .**

ئه‌نجامه‌كه‌ی گشت جیهانی گرتۆته‌وه، له كاتێكدا كه ئه‌و كه‌سانه‌ی كه به‌رێوه‌به‌ریی ئه‌و دامودەزگایانه‌یان له ئه‌ستۆ بووه به ملیار دۆلار ده‌ستخۆشانه‌وه خۆیان ده‌رباز كردوه.

ئه‌مرۆ ناهاوتاییه‌ك له نێوان سوودی كۆمه‌ڵایه‌تی و تاكی دا هه‌یه، تا ئه‌وانه له‌گه‌ڵ یه‌ك رێك نه‌خرێن، سیستمی بازار ناتوانێ به باشی كار بكا.

كوێره‌بڕوایی نوێ لیبراله‌كان به بازار هه‌میشه دۆكترینێكی سیاسی بووه كه له خزمه‌تی به‌رژه‌وه‌ندیی تاقمێكی تایبه‌ت دابووه. ئه‌وه هیچ كات له لایه‌ن تیۆری ئابوورییه‌وه پشتگیریی لێ نه‌كراوه به‌هه‌مان شێوه، ئێستا ده‌بێ ئاشكرا بووبێ كه ئه‌وه له‌لایه‌ن ئه‌زموونی مێژوویش پشتیوانیی لێ ناكرێ. فێربوون له‌و وانه‌یه ره‌نگه تروسكایی رووناكی له‌و هه‌وره دابێ كه ئێستا ئاسمانی ئابووریی جیهانی داپۆشیوه.

**تێبینی: جۆزێف ئی ستیگلیتز، پرۆفیسۆری زانكۆی كۆلۆمبیا، له ساڵی ٢٠٠١ خه‌ڵاتی ئابووریی نۆبێلی وه‌رگرت. ناوبراو له‌گه‌ڵ لیندا بیلمێس " شه‌ڕی سێ تریلیۆن دولاری راستی تێچوونه‌كانی ناكۆكی عێراق"ی نووسیوه.**

# له جیاتی نان، به یه‌کسانی گولله دابه‌ش کرا ....

ن: مینا ئەسەدی
و: له فارسییەوە: کوێستان فتووحی

" حتا اگر یه پنجره باز باشه
حتا اگه یه بال پرواز باشه
من می‌تونم باغو تماشا کنم
من می‌تونم خورشیدو پیدا کنم "

هاتبوو کچەکەی بباتەوە، شتومەکەکانیان لە نێو کیسەیەك دا دایە دەستی. کاتێك دایك بە ترسو لەرزەوە پرسیاری کردبوو، ئازەر، ئەی ئازەرم کوانێ، مەگەر قەرار نەبوو ئازاد بکرێ؟ پاسدارەکان دایانە پرمەی پێکەنینو وتیان ئازاد کرا، ئازادی ئازاد [بۆ هەمیشە ئازاد بوو] لە حاڵێك دا بە زۆر کیسەکەیان دەخستە ژێر باڵیو بەتەشەرەوە پێ وت: بڕۆ دایە، بە سەلامەت، ئەوانەش ببەوە وەك یادگار ڕایانگرە.

***

هاتبوون کوڕەکەیان ببەنەوە، هەموو پێکەوە بە جلوبەرگی تازەوەو پاكو خاوێنو شادەوە هاتبوون، وەکوو ڕۆژی جێژن، نەوەکەشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. تەمەنی ٧ ساڵان بوو، ئەو کاتە کە باوکیان دەستگیر کرد، تەمەنی یەك مانگە بوو، ئێستا قووتوویەك شوکولاتی بە دەستەوەیە لە خۆشیی دیتنی باوکی لەسەر پێڕانەدەوەستا.

مەئموورەکان هاتن کیسەیەکیشیان دا بە وان. دایکی وتی: ئەی یوسف کوا؟ بۆخۆی کەی دێت؟ بە بێدەنگی چاویان لێکرد.

بابی وتی: دەبێ ئەوڕۆ ئازاد بکرێ.

پێی پێکەنین: لێرە "دەبێ" مانای نیە. "ڕەنگە" مان هەیە بەڵام "دەبێ" مان نیە.

دەنگی شیوەنو گریان بەرز بۆوە. یوسف ..... یوسف .....

منداڵەکە دەستی کرد بە گریان! بابە ..... یوسف

یەکێك لە مەئموورەکان وتی : فینکە فینك بەسە .....

مەگەر ماڵتان نیە. بڕۆن لەوێ شین و واوەیلا بکەن. یەکێکی دیکە وتی:"یوسفی گمگشتە باز آید" (یوسفی ونبوو دێتەوە) ئاغا گیان خەم مەخۆ. ئەوانی دیکەش لە قاقای پێکەنینیان دا.

***

مامە پیرەی گۆچان بە دەست خۆی گەیاندبووە پشت میلەکانی دەرگا ئاسنینە گەورەکەی زیندان، هەر چەندی گەڕا کوڕەکەی نەدیتەوە، ناڕەحەت بوو، بە گۆچانەکەی لە میلەکانی دەدا، پاسدارێك لەولاوە وتی:

ـ بەو حاڵو وەزعەوە هاتووی بۆ ئێرە لە چ دەگەڕێی؟

ــ ببورە گەورەم، موحسینی ئێمە ڕۆیشت؟

ـ مەحسینی ئێوە؟

ـ قەرارە ئازاد بکرێ، درەنگ گەیشتمێ؟ ڕەنگە ڕۆیشتبێ.

پاسدارەکە بە بێوازییەوە وتی: "هەموویان ئازاد کردن، هەموو ڕۆیشتن.

مەئموورێك کە لە نێو دیوە چووکەکەی پێش دەرگای زیندان ڕاوەستا بوو هاواری کرد کاری بە کێیە؟

ـ دەڵێ بە موحسین.

ـ وتت کە ئازاد بوون؟

ـ بەڵێ وتم بەڵام تێناگا

مەئمووری نێو دیوە چووکەکە هاواری کرد: بڕۆ مامە، موحسین ڕۆی.

ـ بۆ کوێ چوو؟

پاسدارەکە بە پێکەنینەوە وتی: ڕۆی بۆ لای خودا. ئینشەڵڵا کاتێك تۆش ڕۆیشتی بۆ لای خودا لەوێ یەکتر دەبینن.

***

دایە پیرەش هاتبوو نەوەکانی بباتەوە، [نەیزانیبوو] پێش ئەوە کوڕو بووکەکەیان کوشتبوو.

ـ ئەی عەلیو مێهری بۆنایەن چیان لێهاتوە؟

ــ بڕۆ دایە ..... بڕۆ بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە بخەوە هەموویان هەڵواسران تەواو بوو.

دایە پیرە بە دەنگێکی بەرز وتی: کوڕەکە گیان گوێم باش نابیستێ ..... وتت چیان لێهات؟

مەئمووری بەر دەرگاکە وتی: هیچ دایە ئاوەڕووت کران. (ابشو کشیدنو چلوشدن)

***

هاتبوو "بیتا" ی بباتەوە. گەوهەرە تاقانەکەی کە تەنیا تاوانی ئەو بەشداری کردن لە خۆپیشاندانێك دا بوو. بە نوقڵو شیرنییەوە هاتبوو. بە دیتنی ئەو هەموو ژنو پیاو، پیرو لاو کە لەسەرو سینگی خۆیان دەداو دەگریان، ترسی لێنیشت. نا بە بیریدا نایەت شتێك بەسەر بیتای ئەو هاتبێ. ئەو دەبوو ئەمڕۆ ئازاد بکرێ. تازە لە کوێی دنیا کەسێك بە تاوانی بەشداری کردن لە خۆپیشاندانێکی سادە دا دەکوژن.

نا ئیمکانی نیە شتێکیان بەسەر کچەکەی هێنا بێ. بە پچڕ پچڕ پرسی: بیتا ..... ئەی بیتای من ..... ئێستا قسەکەی تەواو نەکردبوو پاسداری بەر دەرگاکە هاواری کرد:

ــ برادەر ..... یەکێك بنێرە کیسەکەی بیتا بێنێو بیداتە ئەو دایکە، خێرە. دایکە دای بە سەرو سینگی خۆی دا.

ـ ئەی بیتا خۆی، بیتا خۆی .....

پاسدارەکە لەژێر لێوەوە وتی: خوا لێیخۆش بێ ..... خودا لە هەڵەکانی خۆش بێ.

***

هەموو هاتبوون، هەموو ئەو کەسانەی کە خۆشەویستێکیان لە زیندان بوو. هاتبوون مێهرییان ببەنەوە، هاتبوون زەهرایان ببەنەوە. هاتبوون عەلی، ئەحمەد، بابەك، سیمین ..... گوڵی ..... عەشرەت ... مەسعوود ... حەمید... شوهرە ... سەعید ... فاتمە ... پەری ... زوهرەو مەحموودیان ببەنەوە، بەڵام هیچیان نەیانتوانی خۆشەویستەکانیان ببینن، هەموویان شتو مەکەکانی زیندانیان پێدەدرایەوەو لەگەڵ وەڵامێکی سەر سەریو سەرئەنجام مەئموورەکان لە دەست پرسیاری دووپات کراوەی ئەوانەی دەهاتن هەراسان دەبوونو بە بزەیەکی گاڵتەئامێز دەیانوت:

ـ مێهرنووش هەڵ ..... عەلی هەڵ .... ئەحمەد هەڵ ..... مەحموود هەڵ ..... هەموو کافرەکان هەڵ... یانی هەموویان هەڵفڕین.

هەموو زیندانییەکانیان قەڵاچۆ کردبوو. لە سەرەوە دەستوور هاتبوو کە وریا بن خوێن نەڕژێتە سەر زەوی!! هەر بۆیە کەس گوللەباران نەکرا. ئێعدامە بەکۆمەڵەکان بە هۆی هەڵاواسین بەدار بەڕیوە چوو. دەستە دەستە لاوانو جیابیران لە بەندەکانیان دێنایەدەرێو لە دادگاییەکی سێ خولەکی‌دا کە بەشێکی زۆریان لە ئامفی تیئاتری زیندانی گەوهەردەشت بەڕیوەچوون مەحکووم بە مەرگ کرانو چەند خولەکێك دوایی حوکمەکە بەڕێوەدەچوو.. جگە لە چەند کەسێك کە پێشتر حوکمی ئێعدامیان هەبوو، زۆرتری ئەو زیندانیانە دەورانی زیندانیبوونیان بەسەر بردبووو قەرار بوو هەر ئەو ڕۆژانە ئازاد بکرێن؟

***

هاوینی ساڵی شەستو حەوتتان لەبیر ماوە؟

لە خەرمانانی ٦٧ بنەماڵەیەکی یەکجار زۆر بۆ مەرگی خۆشەویستانیان شینیان گێڕا، لەو ساڵەدا ڕێژیمی جەهلو جینایەت بۆ چاوترسێن کردنی موخالیفانی خۆی سەدان کەس لە باشترین لاوەکانیان ئێعدام کردن بۆ ئەوەی دەنگی



ئازادیخوازیو جیابیری بێدەنگ بکاو ببێتە دەرسێك بۆ خەڵکانیتریش. پاشان بە شەو بە کۆمەڵ تەرمەکانیان لە گۆڕە بێناوونیشانەکاندا دەخستنە بن گڵەوە. بەو جینایەتە گەورەیە لاپەڕەیەکی ڕەشی دیکەی خستەسەر کارنامەی خۆی.

ئایا خەڵکانی دیکە دەرسیان وەرگرت لەو ئەو کوشتارانە؟

بێگومان نا، وەریان نەگرت. مانگرتن لە خواردنی زیندانیانی سیاسیی زیندانەکانی عادڵئاوای شیرازو ئیسفەهانو مانگرتن لە خواردنی زیاتر لە دوو هەزار زیندانیی سیاسیی زیندانی تەورێز، شاهیدی ئەم ئیددیعایەن. لەو مانگرتنەدا شەش زیندانی سیاسی گیانیان لەدەست داو چواری دیکەش بێەروشوێن بوون.

***

ئەوان لە سەربڕین نەترسانو دیسان لە مەجلیسی عاشقان دا سەمایان کردەوە. دارەکان دیسان چڕۆیان کردو لە جیاتی هەر گوڵێکی هەڵوەریو هەزاران خونچەگوڵ پشکووتن. من ترسنۆك نیم. دەزانم بۆ هەر قوفڵێك دەستە کلیلێك هەیەو بۆ لێوەداخراوەکانیش، دیواری بێدەنگی دەرووخێ. بە دڵنیاییەوە دەزانم کە ئەم گرە ناکوژێتەوە. بەڵام ئێوە... ئێوە کە داستانە خۆشەکانی گورگ هەڵیخەڵەتاندوونو دەستە خوێناوییەکانی نابیننو هەڵخەڵەتاوو ترساوی ساتێکن کە تێیدانو خاڵێکی ڕەشتان بەسەر ئەو

ڕۆژنە

# ئاوڕێك له گرانی و ژانی ژیان له ئێران دا

عەلی بداغی

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی مانگی ڕەمەزان لە ئێران و کوردستان دا ئەو شەپۆلە گرانییە هەوسار پچراوەیە کە بازارەکانی ئەم وڵاتە دادەگرێ و ئەوەندەی دیکە تەنگ بە خەڵکی هەژار و کەم داهات هەڵ دەچنێ.

لەو مانگە دا نرخی زۆر کەلوپەل وشت وەمەك بەتایبەت خواردەمەنی و پێداویستییە سەرەکییەکانی ڕۆژانەی خەڵك بە شێوەیەکی بەرچاو گرانتر دەبێ و لە و بەرزبوونەوەی نرخ لە بازارەکان دا توێژی هەژار و کاسبکار و کەم داهات زۆرترین زیان و خەساریان وەبەر دەکەوێ. توێژی هەژار وکەم داهاتیش بەپێی لێدوانی وەزیری " ڕێفاه"ی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد حەشیمەتێکی ١٥ میلیون کەسی لە خەڵکی ئێرانن کە توانای دابینکردنی سەرەکیترین پێداویستییەکانی ژیان و خواردنی ڕۆژانەیان نیە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا بەرزبوونەوەی نرخی شتومەك و پەرەسەندنی گرانیی هەوسار پچراوی لە ئێران دا بۆ بەرزبوونەی نرخی گرانی لە بازارەکانی جیهان دا بگەڕێنێتەوە، ئەو گرانییەی کە بەرهەمی وشکەساڵی، دیاردەو بەڵا سروشتییەکان، چوونە سەرێی ڕێژەی بەکارهێنان و داواکاری، بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و شکانی بەهای دۆلار و پەرەگرتنی گەندەڵی و دەرەنجامەکانی شەڕ و نائەمنییەکانی جیهانن، بەڵام بەسەرنجدان بە ئابووری داتەپیوی ئێران لە دوودەیەی ڕابردوودا بۆمان دەکەوێ کە هێنانەوەی ئەو هۆکارانە هەموو لە جێ دا پاساوێکن بۆ ناکارامەیی بەڕێوەبەرانی حکوومەت و سیاسەتە دژی گەلییەکانی ئەو ڕێژیمەی سامانی نیشتمانیی ئەو وڵاتەی بۆ پرۆژە تایبەتییەکانی خۆی و بۆمەبەستی درێژتر کردنەوەی تەمەنی دەسەڵاتدارەتییەکەی تەرخان کردوە.

هەشت ساڵ شەڕیماڵوێرانکەر ونیزیك بە ٢٠ ساڵ سیاسەتی داشکانی ئابووری و گەندەڵیی بێ لغاوی حکوومەتی و دروستبوونی سەدان مافیای ئابووریی سەر بە ڕێبەران و بەرپرسانی ڕێژیم و تەرخانکردنی سامانی گشتیی وڵات بۆ گرووپە تیرۆریستی یەکانی لە چوار قوژبنی دنیا و لە هەژاری و دواکەووتویی هێشتنەوەی ئێران بڕستی لە خەڵکی هەژار و وەزاڵەهاتووی ئەو وڵاتە بڕیوە.

ئێرانێکی خاوەن زەویی پڕ پیت و ئاو و هەوای سازگار بۆ ئابووریی کشت و کاڵ و خاوەنی گەلێ کانگاو سەرچاوەی ژێرزەویی زۆر دەوڵەمەندی وەك نەوت و گاز و بە ملیون هێزی مرۆیی خوڵقێنەر، خوێندەوار و ئامادە بە کار لە سایەی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمێکی سەرەڕۆ و ناسەردەمیانە و لە ئاکامی نەبوونی سیتمێکی ئابووریی گونجاوی وەڵامدەر و پێڕەوکردنی سیاسەتێکی چەوت لە سەر بنەمای دژایەتیکردنی زلهێزە ئابوورییەکان و بەرگرتن لە ئابووریی ئازاد و کراوە بۆتە خاوەن ئابوورییەکی داتەپیو و ئاوسانی ٢٤٪ی و نرخی بێکاری یەکی ٤٢دەرسەدی.

لە تەنیشت خەسارناسیی ئابووریی داتەپیوی ئێران لەلایەن کارناسانی ئابوورییەوە ئەوە خەڵکی ئێرانن کە بەدوور لەو باس و خواسانە بە گۆشت و ئێسك و پێستەوە قورسایی گرانی و ئاوسانی ئابووری لەسەر شانی خۆیان هەست پێ دەکەن و بۆ ڕزگار کردنی خۆیان لە ژێر ئەو بارە قورسە ناچارن پێداویستییەکانی خۆیان پلەبەندی بکەن. بۆ وێنە حەشیمەتێکی زۆر لە توێژی کەم داهاتی ژێرهێڵی هەژاری بۆ مانەوەی خۆیان لەگۆڕەپانی ژیاندا ناچارن لە زۆر پێداویستی وەك جلوبەرگ، تەفریح و چوونە سەفەرو سەیران و تەنانەت وەرزش کردنیان بگوزەرێن و خەمی نان وسەر پەنا سەرەکترین و ژیانەکی ترین خەمی ئەوان بێ، ئەویش بەتایبەت لەمانگی ڕەمەزان دا کەنرخی هەموو خواردەمەنی یەکی ڕۆژانە، بەتایبەت شیر، ماست، برینج، میوە، گۆشت و سەوزی و نان گران و گرانتر دەبێ.

جگە لەوەش کۆتایی هاتنی وەرزی پشووی هاوینی و نزیکبوونەوە لەکرانەوەی قوتابخانەکان بڕك و ژان و خەمێکی! قورسی دیکەی ئەو بنەماڵانەیکە منداڵەکانیان وەبەر خوێندن ناوە. پووڵی ناونوسی تەنانەت لەخوێندنگا دەوڵەتییەکان ، پووڵ بۆ کڕینی کتێب و نامێکە یارمەتی دەرەکان و تێچووەکانی دابینکردنی جلوبەرگ و کەوش و کەرەسەو پێداویستییەکانی خوێندنی منداڵانی قوتابی فشارێکی دیکە بۆسەر بنەماڵەکان ، بەتایبەت بنەماڵە پڕ خێزانەکانە و وای کردوە کە گەورەی ماڵ تەنانەت بە چەند شیفەتە کار کردنیش هێشتا توانای دابین کردنی ئەو تێچووە سەرەکیانەشیان نەبێ.

خۆشتر یان بڵێین تاڵتر لە هەموو ئەوانەش، ئەحمەدی نژاد، سەرۆك کۆماری ڕێژیم لە دوایین کۆنفرانسی چاپەمەنیی خۆی‌دا نەك حاشای لە بوونی گرانی و گرفتی بژێوو ژیانی خەڵکی کرد، بەڵکوو زنجیرە "پێشنیارێك"یشی بۆ دەرباز بوونی کۆمەڵگای جیهانی لە قەیرانی ئابووری و برسێتی خستە روو. ! !

# غەزەلی خودا حافیزی

سەرەتا سیفر و فشەی شین و رەشی دەستوورت

کەرەتێ عەشقی سکالاوی و خەمێکی سوورت

تا سپی بوونی هەناسەی تەمەنی ئەو خەونە

رەگەزی ماچ دەبەخشم بە رقی ئەستوورت

قری هاتووە غەزەلی پێنج و شەشی سەرشێتم

خۆ دەهاوێمەوە ئامێزی گڕی تەندوورت

من لە پاڕانەوەکانی سەفەرا ئاوابووم

هەر لە باکوورەوە بۆ سەوزە چیای باشوورت

پێم وتی ئەو غەزەلە پێشکەشە ناقابیلە

پێت وتم رۆڵە برۆ کۆی کەوە داشقەی توورت

جەلال نەجاری



# تریقانەوەی ئێوارەیەکی زستان

خەبات رەسوولی



دەنگی با ناهێڵێ خەوی لێ بکەوێ. دەڵێی بڕیاری داوە میچی ژوورە قوڕینەکە لەگەڵ خۆی هەڵبگرێ بیبات. قەندیل نوقمی باو وشە وشەکانیەتیو رەشەبای رەشەمە پەنجەی کردۆتە پەتکی سێدارەو گەرووی شاخی وەقرخە قرخ خستووە. خەون و راستی و ئەوو ئەو ژوورەو پێشمەرگە نووستووەکان و شەوو رەشەبا.

دەنگی پرخەی ئەو کۆترە تازە هاتووە لە هەمووان زیاترە. ترسی مانەوە لە قەندیل و قورسی ژیان و دوا رۆژی نادیار، تامی شیرینی پێشمەرگە بوونیان لێکردۆتە پرخەیەکی بێبڕانەوەی بەرزە دەنگ. بریسکەی بە خەبەری چاوەکانی ژووری تاریك دەپێوێ. پشووی زستانی دابڕانە لە ژیانی خوو پێوەگرتووی چەند ساڵە.

بیرکردنەوەو زیندوو بوونەوەی بیرەوەرییەکان، بزەیەکی ون لە سەر لێوی بۆ کاتێك ئاشکرا دەکات و زوو دەکوژێتەوە. بەکرانەوەی دەرکە پتر شالاوی سەرما دەخزێنێتە بن پەتۆکەیەوەو ئەویش خۆی زیاتر گرمۆڵە دەکات.

لە تاریکییەکەدا پیاوێکی چەکداری لایت بە دەست دێتە ژوورێ. بە قەلافەتیو کووڕ بوونەوەکەیڕا دەزانێ مامە پیرەی کۆنەمێوژ فرۆشە. ئەویش وێڕای گەنجەکان ئەو شاخانە دەکوتێ. تیشکی لایتەکە بە حاڵ ژوورەکەی رووناك کردووەو هێڵێکی باریکی تیشك لە ژێر ئەمری مامە دا بەسەر نووستووەکاندا دەگەڕێو بەدوای نیگابانی دوای خۆی، دەمووچاوەکانی دەپشکنێ. سێبەرێکی گەورەی مامە کەوتووەتە سەردیواری بەرامبەرو دێوێکی زلی لە مام مێوژی کورتە بالا چێ کردووە.

نەخوازراوانە ملّچە ملّچی دمی دێ. دەستی دەخاتە سەرچۆکیو بەسەر سیروانی تازە هاتوودا دادێتەوەو لە پەنای دادەنیشێ. پەتۆکە لەسەری لادەباو بەدەستەرچیوەکانی رایدەوەشێنێو بانگی دەکات. سیروانی گەنج پرخەی تێکەڵ بە بلّمە بلّمی (لە کۆلّم بەوە) دەبێو دەخەوێتەوە.

مام بە ئارامی دەست بە سەر سەری دادێنێ. مام بە ئارامی دەست بە سەرکولّمەکانی سیروانی گەنج دادێنێ. چاوێك لە دەوروبەر دەکان. ئەو پتر خۆی مات دەکات و ئەو یاخیتر. مام دەستێك بەسەر پشتی سیروانی گەنج دادێنێ. سیروان دەجووڵێتەوەو دیسان خەوی لێدەکەوێتەوە. مام هەست و خوست لەخۆی دەبڕێ. تا دڵنیا دەبێ سیروانی گەنج دیسان خەوەکەی قورس بۆتەوە. ئەو واقی وڕماوەو حەپەساو چاو لە دەستەکانی مام دەکات کە شێکی هەوەسی لە قامکەکانی هەڵدەوەرێ. مام بە ئارامی قامکەکانی بەرەوخوار نێوقەدی سیروانی گەنج دێنێ. مام پەنجەکانی لێك دەکاتەوەو سمتی سیروانی گەنج دەگوشێ. سیروانی گەنج چاوەکانی بە پەلە دەکاتەوەو یەك جێهەڵدەستێتەسەر پێو بێ دەنگ چاو لە چاوەکانی مام نادر دەکات. بێ دەنگییەکی کوشەندە ژوورەکە دادەگرێ. پاش چەند چرکەیەکی تاڵ مام نادر بە دەنگێگی لەرزۆك دەڵێ:

نیگابانی. وەرە سەرپۆستەکەت.

پاشان بە پەلە هەڵدەستێتە سەرپێو لە ژوورەکە دەڕواتە دەرێ.

# مەسخ

ئەم مەسخەهیچ پێوەندیەکی بە مەسخی کافکاوە نییە

ناسر رەسوولی




بە کاکی گوتبوو قالۆنچەیەکی بۆ لە شووشە ڕوبێك بخات، چوون دەی هەویست لەسەر ژیان و فیزیکی جرجانەوەرەکان ئینشایەك بنووسێ. هەرجار کە چاوی لە قالۆنچەکە دەکرد بە بینینی بیری دەکەوتەوە کەسەبارەت بە کوێی قالۆنچەکە بنووسێت.

لەکۆتایی دا سیلەی روحمی گولی کردو جەوگرتی و نووسی(وەرن با داعبا چکۆلەکان ئەزێت نەکەین،وەرن باقالۆنچەکان لە شووشەکان دەربێنین). دەستی برد کە قالۆنچەکەی خۆشی لە شووشەکەی دەربێنێ، بینی کەشووشەکە کەوتووە و قالۆنچەکە نەماوە. هاوکات هەستی کرد کە شتێك بەسەر لاقی دا دەڕواو قتیلکەی دێت، قیژاندی و بە کتێبێك لەسەری داعبا چکۆلەکەی سەرلاقی داو پان و فلّیچی کردەوە. گوتی: حەك عەمرت نەمێنێ ئەو قالۆنچەکەی کاکی...

( ئەم چیرۆکەم ساڵی ٨٣ بەزمانی فارسی لە رۆژنامەی همشهری ستوونی "قاب کوچك" ویژەنامەی دوچرخە دا بلاوکردۆتەوە)

چاپکراوی نوێ:

# "ئۆستوورەی چوارچێوە"




کتێبی "ئۆستورەی چوارچێوە" کە یەکێك لە بە ناوبانگترین بەرهەمە فیکری و تیوریەکانی گەورە فەیلەسووفی جیهان کارڵ ریمۆند پۆپەرە بە زمانی کوردی کەوتە بەردەستی خوێنەران. ئەم کتێبە هەروەك لە نێوەرۆکەکەیەوە دەردەکەوێ باس لە ململانێی نێوان دوو پرسی مەعریفەو زانست دەکاو پۆپەر بە تیۆریەکانی فیزیك، شیمی، فەلسەفە، سیاسی، ئەستێرەناسیو کۆمەلێك بابەتی دیکەی وەك ژنێتیك و ژیانناسی دەیەوێ شەڕو گۆڕەپانی نێوان ئەم دوو پرسە خۆشتر بکاو هەر وەك خۆی ئاماژەی پێکردوە زیاتر لە ٦٠ ساڵ تەمەنی فەیلەسووف بوونی خۆی سەرقاڵی تاوتوێ کردنی ئەو باسە بووە. ماوەتەوە بلّێین ئەو کتێبە لە لایەن سمایل زارعیەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و دەزگای موکریانی لە دوو تۆیی ٣٧٨ لاپەڕەیدا چاپ و بلاوی کردۆتە.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No: 493 5 Sep 2008

مالْپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com : Hotbird: 8 - MHZ: 12303 - Polarization: Vertical - S R: 27500 - FEC: ¾

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

# فیلمی کوردیی "داڤید تۆلهیلدان" لە یۆنان نیشان دەدرێ

فیلمێکی دەرهێنەری کورد مانۆ خەلیل بە ناوی "داڤید تۆلهیلدان" لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی پانۆراما دا لە یۆنان نیشان دەدرێ.

لە ڕۆژانی ١١ـ٣ی مانگی ئۆکتۆبردا دووەمین فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی پانۆراما لە شاری پاتراس بەرێوە دەچێ.

بە پێی زانیارییەکان لەو ڕۆژەوە کە ئەم فیلمە کوردییە هاتۆتە سەر پەردە دەوڵەتی تورکیە دژایەتیی ئەو فیلمە دەکا. دەوڵەتی تورکیە چەند نامەی بۆ حکوومەتی سویس و تلویزیۆنی ئەو وڵاتە ناردوە و لەواندا نارەزایەتیی نیشان داوە کە بۆ ئەو فیلمە نیشان دراوە. جگە لەوە لە هەر جێگایەك ئەو فیلمە نیشان دەدرێ کۆنسولگەریی



تورکیە لەو وڵاتە داوا دەکا ئەو فیلمە ڕاگرن. بەو حاڵەش فیلمی ناوبراو تا ئێستا لە زیاتر لە ٢٠ فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی دا نیشان دراوە و تا دێ پێشوازیی زیاتری لێدەکرێ.

# ناوەندی زانیاریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرا

ژمارەیەك لە ڕووناکبیرانی کورد لە دەرەوەی وڵات بە بڵاکردنەوەی ڕاگەیەنراوێك دامەزرانی "ناوەندی زانیاریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" یان ڕاگەیاند. وەك لە ڕاگەیاندراوەکەدا هاتووە بنکەی سەرەکیی ئەو ناوەندە لە ئوسلۆی پێتەختی نۆرویژەو بڕیار وایە لە چەندین وڵاتی جیهان لك بکاتەوە. دامەزرێنەرانی ئەم ناوەندە هەروەها ئاماژەیان بەوە کردوە کە "ناوەندی زانیاریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرێدراوی هیچ لایەنێکی سیاسی و ئایینی نیە، بەڵام لە هەوڵ دادەبێت کە پێوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ گشت لایەنە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێ، بۆ ئەوەی بتوانێ لە کۆکردنەوە و پێدانی زانیاریی گشتی لەمەڕ ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرکەوتوو بێت".

لە کۆتایی ئەو ڕاگەیەنراوەدا ئادرێسی ماڵپەرو پێوەندیی ئەو ناوەندە خراوەتە بەرچاو کە بەم شێوەیەی خوارەوەن:

www.eastkurdistan.org
eskurdistan@yahoo.com
eskurdistan@gmail.com

ئیمام جومعەی مێهریز:

# خودا ئەو ڕۆژە نەهێنێ کە ناپیاوێک بیهەوێ لە مێهریز سینەما دروست بکا

ئیمام جومعەی مێهریز عەلی بورهان لە کۆبوونەوەیەك دا کە بە بۆنەی کردنەوەی لکی دامەزراوەی فەرهەنگیی قورئان وتارێکی پێشکەش کرد، بەتوندی هێرشی کردە سەر ژنانی بێ حیجاب و وتی: "ژنانی بێ حیجاب لە کەری بێ کورتان دەچن کە ئێستا لە کۆمەڵگادا خۆیان دەنوێنن".

ناوبراو لە درێژە دا وتی: "خەڵکی مێهریز خۆشیان لە چارەی ژنی مانتۆ لەبەر نایەت و ناهێڵن زانکۆیەك لە شارەکەیان بکرێتەوە کە ژنانی مانتۆلەبەر رووی تێکەن. چ بگا بەوەیکە ناپیاوێك بیهەوێ



ڕۆژێك لەم شارە سینەما دروست بکا. خودا ئەو ڕۆژە نەهێنێ کە کچان و کوڕانی ئەم شارە مەزهەبییە لە هۆڵی تاریکی سینەمادا دەست لەگەڵ یەکتر تێکەڵ بکەن و دواتر دەست بکەن بە نامە گۆڕینەوەو تەلەفوون بۆ یەکتر کردن". ئیمام جومعەی مێهریز هەروەها لە بەشێکی دیکەی وتارەکەی‌دا سەبارەت بەو ژنانەی کە بەد حیجابن وتی: " حەدیسێك هەیە کە دەڵێ، ڕۆژێك دادێ کە مرۆڤەکان خۆیان دادەپۆشن، بەڵام دیسانەکە هەر ڕووتن. هەندێك لە زانایان دەیانوت کە ئەم حەدسیە هەڵەیە. چۆن دەکرێ مرۆڤ هەم ڕووت بێ و هەم پۆشتە، بەڵام ئەمرۆکە بە هاتنی ئەو جلە نوێیانەو مانتۆو گۆرەویی تەسك و شوشەیی بۆمان سەلماوە کە دەکرێ مرۆڤ هەم ڕووت بێ و هەم پۆشتە.

# جەمیل ڕۆستەمی خەڵاتی ئاشتیی کۆلۆمباینی وەدەست هێنا



فیلمی سینەمایی "ژانی گەل" لە دەرهێنانی هونەرمەندی سینەماکار جەمیل ڕۆستەمی لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی "مۆندنس" لە ئەمریکا خەڵاتی ئاشتیی کۆلۆمباینی وەرگرت.

ئەم خەڵاتە بە فیلم یان سینەماکارێك دەبەخشرێ کە بۆ ئاشتیی و لە دژی توندوتیژی بانگەشە دەکا.

فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی "مۆندنس" کە یەکەم خولی لە ساڵی ٢٠٠٠ دا بەرێوە چوو، لە ڕۆژانی ٢٩ی ژووئەن تا یەکی سێپتامبر لە شاری بۆلدر لە هەرێمی کۆلۆرادۆی ئەمریکا بەرێوەچوو.

فیلمی سینەمایی "ژانی گەل" لە بەشە سەرەکییەکانی ئەم فستیڤاڵە دا لەگەڵ چەند فیلم لە وڵاتانی ئینگلستان، ڕووسییە، ژاپۆن، ئەمریکا، ئافریقای باشوور، فەرانسەو هێندوستان خرایە سەر پەردە.

"ژانی گەل" دووەمین بەرهەمی سینەمایی جەمیل ڕۆستەمییەو لەسەر بنەمای ڕۆمانی"ژانی گەل" لە نووسینی ئیبراهیم ئەحمەد بەرهەم هاتووەو باس لە بارودۆخی سیاسیو فەرهەنگی کوردستانی ٥٠ ساڵ لەمەوبەر دەکا.

# فیلمی "فریشتەکان لە نێو خاکدا دەمرن" بۆ فستیڤاڵی جیهانی کورتە فیلمی هێندوستان هەڵبژێردرا

فیلمی (فریشتەکان لە نێو خاکدا دەمرن) باسی بەسەرهاتی کیژۆڵەیەکی شاری هەڵەبجەیەو ماوەکەی ٣١ خولەکەو بابەك ئەمینی دروستی کردوە. ئەم فیلمە بۆ بەشداری کردن لە بەشی پێشبڕکێی حەوتەمین فستیڤاڵی چاوی سێیەمی هێندوستان هەڵبژێردراوە.

لەم فستیڤاڵەدا کورتە فیلمەکانی جیهان لە ١٦ تا ٢٣ی ئوکتۆبر لە شاری مۆمبای هێندوستان نمایشدەکرێن.

فیلمی (فریشتەکان لە نێو خاکدا دەمرن) لە دەرهێنانی بابەك ئەمینی پێشتر خەڵاتی پاسکێڵی زێڕینی فستیڤاڵی ئۆسلۆو خەڵاتی تایبەتی لێژنەی ژوولیو خەڵاتی باشترین فیلمنامەی لە فستیڤاڵی ئاباگنەی فەرەنسەو خەڵاتی باشترین فیلم بۆ بینەرانی لە فستیڤاڵی بۆخومی وڵاتی ئاڵمان وەرگرتبوو.



شایانی ئاماژەیە بابەك ئەمینی خەڵکی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەو دەرچووی ئەنجومەنی سینەماجەوانی ئەو شارەیە.

سەرچاوە:kurdistan tv

# هەموومان مرۆڤین‌و مافی ژیانمان هەیە

بەر لەماڵاوایی

*کوێستان فتوحی*

فریشتە نەجاتی خەڵکی مەریوان تەمەنی ١٨ ساڵە بوو کە باوکی بەزۆر دای بە پیاوێك کە ١٨ ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو. دوای دوو ساڵ ژیان لەگەڵ ئەو پیاوە لێی جیابۆوەو گەڕایەوە ماڵی باوکی. بەڵام باوکی بە تۆمەتی پێوەندیی نامەشرووع کە هیچکات ئیسبات نەبوو، فریشتەی وەبەرچەقۆداو گیانی لێسەند. دوای دوو ساڵ ژیان لەگەڵ ئەو پیاوەی بە ناچاری لەگەڵی دەژیاو دوای ئەو تۆمەتو بوختانەش کە باوکی خستیە پاڵی، پزیشکی یاسایی ڕای گەیاند: "فریشتە نەجاتی هەر کچ بوو".

ساڵانە بە بیانووی پاراستنی شەرەفو ناموس چەندین کچو ژن لەلایەن پیاوانی خزمو کەسی خۆیانەوە گیانیان لێدەسێندرێ.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٣٨٧دا ٩ ژنی کورد بوونەتە قوربانیی جینایەت بە ناوی "ناموس پارێزی"یەوە. تێکۆشەرانی بواری مافەکانی ژنان لە ئێران دەڵێن، ڕێژەی قەتڵەناموسییەکان لەم وڵاتەدا چۆتە سەرێ. ئەم کردارە نامرۆڤانەیە بەداخەوە بەرێژەیەکی زۆر بەرۆکی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتۆتەوە. دیاردەی کوشتن بە ناوی ناموس کولتوورێکی عەشیرەیی دواکەوتووانەیە کە لە نێو هێندێك کۆمەڵگەی دواکەوتوودا هەیەو یەکێك لەم کۆمەڵگایانە کۆمەڵگای کوردستانە. یاساکانی وڵاتی ئێرانیش بە جۆرێکن کە دەستی پیاوە دەمارگرژە بە ناو ناموسپەرستەکانی ئاوەڵا کردوەو دەتوانن بە بیانووی پاراستنی ناموس، دەست بۆ کوشتنی ژنان بەرنو بە ئاسانییش خۆیان لە سزادان دەرباز بکەن.

ئەگەر لە ریشەی ئەم کولتوورە بکۆڵرێتەوە، بێگومان تاوانی کوشتنی ژنان لەسەر مەسەلەی بەناو "پاراستنی ناموس" تەنیا لە ئەستۆی پیاوان نیە، بەڵکوو تاوانباری سەرەکی ئەو سیستمو یاساو سوننەتو باوەڕە غەڵەتانەن کە ژنیان کردۆتە کۆیلەی پیاوان. کولتووری زاڵو باوەڕو دابونەریتە غەڵەتەکانو نەبوونی یاسایەکی یەکسانو دادپەروەر لە بەرامبەر مرۆڤەکانداو نەبوونی پارێزگاری لە ژنانێك کە دەکەونە بەر توندوتیژیی بنەماڵەیی، لە ئێراندا بۆتە هۆی پەرەسەندنی کوشتنی ژنان بە بیانووی ناموسپارێزی. دەسەڵاتدارانی ئێرانیش لە جیاتی دیتنەوەی چارەیەك بۆ ئەم دیاردەیە. کە کۆمەڵگە هەمووی تێیدا زەرەرمەندە. بەشێوەیەکی نادیموکراتیكو توندوتیژانە حەرەکەتی ئازادیخوازانەو مافخوازانەی ژنان سەرکوت دەکاو خوازیارانی ئاڵوگۆر لە یاسا نابەرابەرەکان دا ڕەوانەی زیندانەکان دەکاو لە جیاتی گوێگرتن لە دەنگی حەقخوازانەی ژنانی بەرابەریخواز، دەستووری داخرانی ئەو نیهادە مەدەنییانە دەدا کە بۆ سڕینەوەی ئەو باوەڕو سوونەتە غەڵەتانە کار دەکەن کە بە ناوی پاراستنی ناموسو شەرەفەوە، باوك دەکاتە قاتڵی کچەکەیو برا دەکاتە قاتڵی خوشکەکەیو... حاکمانی کۆنەپارێزی ئێران بە تایبەتی لە کوردستان زۆر توندوتیژتر لەگەڵ دەنگی یەکسانیخوازان دا بەربەرەکانی دەکەنو زیاتر سەرکوتیان دەکەن.

ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبوردن، مانگی رابردوو بە دەرکردنی بەیاننامەیەك ڕای گەیاند: "کۆماری ئیسلامی لەسەر درێژەدان بە پێشێلکردنی مافی کوردەکانی ئێران بە تایبەتی ژنانی کورد، بەردەوامە."

هەر لەو بەیاننامەیەدا داهاتوە کە ژنانی کورد، نەتەنیا بە هۆی ژن بوونو ژیان لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاردا، بەڵکوو وەك بەشێکیش لە کەمایەتیی کورد لە ئێراندا لەگەڵ جیاوازیو کەندوکۆسپی دووقات بەرەوروون.

ئێمە هەموومان مرۆڤینو مافی ژیانمان هەیە. مرۆڤ لە هیچ هەلومەرجێکدا مافی ئەوەی نیە مرۆڤێکی دیکە لە ژیان بێبەش بکا. بەڵام کوشتنو لە ژیان بێبەش کردنی ژنان بە ناوی پارێزگاری لە شەرەفو ناموس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، خەریکە دەبێتە شتێکی ئاسایی، بە جۆرێك کە کوشتنی ژنانو بڵاوبوونەوەی هەواڵەکان لەو بارەوە لە کوردستان ئەمڕۆ کەم کەس رادەچڵەکێنێ.

لێرەدا رووی قسەم دەکەمە هەموو چینو توێژێکی ئاگای نێو کۆمەڵ بە تایبەتی چالاکانی بواری مافی ژنان، ڕووناکبیران، پسپۆرانی دەروونناسیو کۆمەڵناسیو هەموو ئەو کەسو لایەنانەی بە جۆرێك خۆیان بە دڵسۆزی نەتەوە بندەستەکەیان دەزانن، ئەم مەسەلەیە بە هێند بگرنو زۆر بە جیددی هەوڵ و کۆششیان وەگەر بخەن بۆ نەهێشتنی ئەم کولتوورە شەرماوییە کە خەریکە لە ناو کۆمەڵگەی کوردستاندا پەرەدەستێنێ. دوژمنانمان پێیان خۆشە کۆمەڵگەیکی پڕ لە دەردو ئازارمان هەبێ. یەکێك لە ڕێگاکانی بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمنانی کوردستان هەوڵدانە بۆ سڕینەوەی دیاردە ناشیرینەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردستانو پشتگیرییە لە فەرهەنگێکی پێشکەوتووو یەکسانیخواز. هەر چەشنە کەمتەرخەمییەك لەم پێوەندییەدا زیان بە دوارۆژی نەوەکانی ئەم کۆمەڵگەیە دەگەیەنێ.

ئەو منداڵەی شاهیدی کوشتنی دایکیەتی دەبێ ببێتە چ مرۆڤێك بۆ کۆمەڵگەکەی؟

با زیاتر لەوە شاهیدی بێمافیو حەقکوژییەکانی ژنانی کورد نەبینو لە جیاتی ڕقو کینەو خوێن ڕشتن منداڵەکانمان فیری دادپەروەریو خۆشویستنو ڕێزگرتن لە بەهاکانی ژیانو مافی یەکتر ببن.

هەرچەند ئەوەی لە ناشتنی فریشتەی نەجاتی ئەم قوربانییە تازەیەی ناموسپارێزیدا بینرا، جێگای لێوربوونەوەیە، تەرمی ئەو فریشتە بێ تاوانو ئەم کچە جوانەمەرگە لە سەر شانی ژنانێکی یەکجار زۆری شاری مەریوانو دەوروبەرو بە هاوڕێیەتی ژمارەیەکی زۆریش لە پیاوانی کورد بە خاك سپێردرا جێی خۆیەتی بەم بەشداری کردنو خۆپیشاندانە دڵ خۆش بکەین. ئەم خۆپیشاندانەو ئەو دروشمانەی لەوێدا دران، نیشانەی نفرەتو بێزاری بوو لەو کولتوورە شەرماوییەی بە ناوی "پاراستنی شەرەفو ناموس" گیانی ئینسانەکان دەسێنێ.

ئەگەر هەر تاوانێك دژی ژنانو هەر بە ناهەقکوشتنێك بەم چەشنە وڵامی بدرێتەوەو بکرێتە دەرفەتێك بۆ وەڕێخستنی نارەزایەتیی بەرینی ژنانو پیاوانی یەکسانیخوازو خاوەن ویژدان، باجو هەزینەی ئەم جۆرە تاوانانە دەچێتە سەرو، تاوانخولقێنان ناوێرن بە هاسانی دەست بۆ تاوان دژی ژنان بەرن. دەسەڵاتو یاسای هاندەرو پارێزەری ئەم جۆرە تاوانو تاوانکارییەش، لە بەرامبەر شەپۆلی پڕخرۆشی نارەزایەتیی خەڵکی دادپەروەرو یەکسانیخوازدا، سەرئەنجام دەبێ لە نێوان ملکەچیو پاشەکشە، یا چوون بۆ نێو زبڵدانی مێژوو بە شەقی خەڵکی ئاگاو ڕاپەڕیو، یەکیان هەڵ بژێرن.

